عارف قوربانی

# گەڕانەوە
# بۆ
# کەرکوک

ئازاری 2004 کەرکوک




- ناوی کتێب: گەڕانەوە بۆ کەرکوک
- ناوی نووسەر: عارف قوربانی
- چاپی یەکەم 2004 کەرکوک
- پیتچنین: سازان عومەر
- نەخشەسازو بەرگ: شۆڕش ئەحمەد
- تیراژ: (500) دانە
- چاپخانە: چاپخانەو ئۆفسێتی ئارەبخا


پێشکەشە

*بەو مرۆڤانەی کە لەپێناوی گەڕانەوەی کەرکوکدا گیانیان بەخشی.

*بە هەموو ئەو کوردە دەرکراوانەی گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک.

نووسەر

## دوای پرۆسەی ئازادیی عیراق ئەنفالەکان دێنەوە

ئەم بابەتانەی بەردەستتان لەکاتو سەردەمی جیاجیادا لە گۆشەی دواستوونی کوردستانی نوێ بڵاوکراونەتەوە، کە گۆشەیەکە هەر جارەی نوسەرێ ئەینوسێو منیش شەرەفی ئەوەم پێبڕاوە کە چەند جارێك ئەو گۆشەیە پڕ بکەمەوە..

هەڵبژاردنی ناوی نامیلکەکەش (گەڕانەوە بۆ کەرکوك) ناوی یەکێ لەو بابەتانە بووە کە کاتی خۆی بۆ دواستونی کوردستانی نوێ نوسیمو لەبەرئەوەی نمونەی (جوولەکە)م هێنابووەوە بڵاویان نەکردەوەو لەژمارەی (215–216) رۆژی 2000/6/19 رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)دا بڵاومکردەوە.. ئێستاش لەکاتێکدا دووای شۆڕشێکی درێژخایەنی خوێناوی لەسەر کەرکوك، گەڕاوینەتەوە کەرکوك.. بەڵام نەمانتوانیووە کەرکوك بگەڕێنینەوە.. نەمانتوانیووە کەرکوك بخەینە سەر پارچە لێك جیاکراوەکەی کوردستان.. بەڵام فرسەتێکمان لەپێش ماوە بۆ ئەوەی ببینەوە بەخاوەنی کەرکوك، ئەو فرسەتەش تەنها یەك جۆر خەباتی پێویستە (گەڕانەوە بۆ کەرکوك) بۆیە منیش ئەو ناوەم هەڵبژارد بۆ ئەم دیارییە بچوکەم.

گەرچی مەسەلەی ئەنفالەکان تائێستا بەنادیاری ماوەتەوە، بەڵام زۆر بەڵگەو سەرچاوە هەن کە ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنن کە بەشێکی زۆریان لەگۆڕی بەکۆمەڵدا کوژراون یان زیندە بەچاڵ کراون..

ئەوەی رونە ئەوەیە پاش نەمانی سەدامو گۆڕینی حوکم لەعیراقدا کورد واتەنی (ئەوی لەژێر بەڕەیە دەکەوێتە سەر بەڕە) واتا چارەنووسی ئەنفالەکان بەدیار دەکەونو سەدان گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزرێنەوە، بۆیە پێویستە



ئێمەی کورد لەئێستاوە خۆمان بۆ پێشوازیو هێنانەوەی ئێسكو پروسکی ئەو دەیانو سەدان گۆڕە بەکۆمەڵانە ئامادەبکەین کە لەلایەن رژێمەوە کراون بەژێر خۆڵەوە.

یان روونتر بڵێم پێویستە ئێمەی کورد بەپشت بەستن بەو بەڵگەو سەرچاوەو شایەتحاڵانەی کەشوێنی زیندەبەچاڵکردنمان بۆ دیاری دەکەن، بچین لاشەکانیان بگەڕێنینەوە بۆ نیشتمانو پێشنیاز دەکەم کەهەر لەئێستاوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەك بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکاتو جێگایەکی شایستە دیاری بکات لەخاکی کوردستاندا وەك رەمزو گۆڕستانێك بۆ ئەو دەیان هەزار ژنو منداڵو لاوو پیرو پەککەوتەیەی کورد دابنێو هەرئەوەش بکرێتە (گۆڕی سەربازی ون)و بانگەشەی دنیا بکەین کەبێنو لەبەرچاوی ئەوان گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵدەینەوەو بەپێش چاوی دنیاو لەگەورەترین مەراسیمدا بەخاکیان بسپێرینەوە، کەدڵنیام بەو کارە لەلایەك گەورەترین وەفاداری بەرامبەر بەئەنفالەکانو پاشماوەکانیان دەنوێنینو یەکێ لەئەرکە سەرەکییەکانی سەرشانمان بەئەنجام دەگەیەنینو لەلایەکی تریشەوە زیاتر رووی دزێو شوڤێنیانەی رژێمی بەعس دەخەینەڕوو پەردەی گەورەترین تاوانی لەسەر هەڵدەماڵینو سۆزو رای گشتی دنیاش زیاتر بەلای گەلەکەماندا رادەکێشینو دەیکەینە نەریتێکی نەتەوەیی کە لەسایەیدا نەوەکانی داهاتوو بەگیانێکی ترەوە پەروەردە بکەین.

*کوردستانی نوێ- ژماره (3040) 2003/4/10

## زیادکردنی موچەی کەسوکاری ئەنفالو سەروەرییەکی تری نیشتمانی

کاتی خۆشی ئەم قسەیەم کردووەو وائێستاش دووبارەی دەکەمەوە، لای من یەکێك لەبڕیارە هەرە گەورەو پیرۆزو گونجاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەبۆیان هەیە شانازی پێوە بکەنو وەك سەروەرییەك بۆ خۆیان تۆماری بکەن بڕینەوەی موچەی مانگانە بوو بۆ پاشماوەی ئەنفالەکان.. ئەوەش نەك لەبەرئەوەی کەئەو بڕە پارەیەی کەبۆیان دیاریکرابوو پاداشتێکی گونجاوە بۆیان، بێگومان لەبەرئەوە نەبوو، چونکە هیچ خێزانێکی ئەم ولاتە بە (200) دینار ناتوانێ پێداویستیە سادەو ئاساییەکانی ژیانی دابین بکات، بەلکو لەبەرئەوە بوو کەئەو بڕیارە نیشانەی بیرکردنەوەو ئاوڕدانەوە بوو لەبەشمەینەتترین بەشی ئەم کۆمەڵگەیە کەپاشماوەی ئەنفالەکان بوون.. گەورەیی بڕیارەکە لەئاوڕدانەوەو پێداچوونەوەی فەرامۆش کردنەکەیان بوو زیاتر لەوەی کەموچەکە گۆڕان لەژیانیاندا بکات.. هەرچەندە زۆرترین ژمارەی ئەو خێزانانەش جگە لەو (200) دینارە هیچ داهاتو پشکێکی تریان لەسەر رووی ئەم زەوییە نەبوو، هەربۆیە لەو رووەوە بڕینەوەی موچەکەش کاریگەری زۆری بەسەر ژیانو گوزەرانی پاشماوەکانیانەوە هەبوو.



ئێستا لەکاتێکدا کەژیان بەرەو هەرزانی دەچێت هەر خێزانێك ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ پێداویستی مانگێکی پێویستی بوو بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پاردا تەواو دابەزیووەو نیوەی ئەو مەسرەفەی ساڵێك لەمەوبەری پێویستە بۆ ژیان.. لەکاتێکی وادا کەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری زیادکردنی موچەی پاشماوەکانیان لە (200) دینارەوە بۆ 400 دینار دەداتو دەشڵێ ئەم بڕیارە لەئاستی پێویستی ژیانی ئەواندا نییەو هەوڵ دەدەین لەداهاتوودا ئەو بڕە پارەیە زیاتر بکەین، ئەمە جێگای خۆشحاڵیو سەربەرزییە بۆ هەموو لایەكو لەسەرووی هەموانیشەوە بۆ ئەوانەی وەك خەمخۆرێك بیریان لەو پرۆژەیە کردۆتەوە کەئاوڕی زیاتر لەژیانو گوزەرانی پاشماوەی ئەنفالەکان بدەنەوە.

چونکە هێشتا پاشماوەی ئەنفالەکان لەچینە هەرە هەژارو کەم دەستەکانی ولاتەکەمانن.. کەئاوڕدانەوەی لەم جۆرەو زیادکردنی موچەی مانگانەیان رێك بەرامبەر وەرگرتنی موچەکانیان زیاد بکرێت، لەلایەك کاریگەری بەسەر ژیانیانەوە دەبێتو دەتوانن سود لەوبڕە پارەیە وەرگرن بۆ باشتر کردنی گوزەرانیانو لەهەمانکاتدا جارێکی تریش بیرکەوتنەوەی ئەو بەشە فراوانە هەژارەی کۆمەڵو پێشخستنیشیان لەسەرووی چینو توێژەکانی ترەوە.. هەست کردنو نیشانەی خەمێکە لەقەزیەی ئەنفال کەئەوەیان مرۆڤ دڵخۆش دەکاتو هیواکانمان دەبوژێنێتەوە. کەهەست دەکەین ئێستا بەتەنیا نینو خەڵکانی تریش هەن فرمێسکەکانمان بسرنەوە.

*کوردستانی نوێ ژماره (3156) 2003/8/28

## هەڵەبجە لەنێوان 3/16و 15ی ئەیلول دا

هەڵەبجە ئەو رۆژەی رقو کینەی دیکتاتۆریەتی بەسەردا باری، ئەوکات فڕۆکەکان شارەکەیان ژەهراوی کرد رقیان لەژنو منداڵو لاوو پیرو پەککەوتەی هەڵەبجە بوو، دەیانویست هەموویان بکوژن، دەرگای هەناسەیان لەڕوو داخستن، گشت جوانیەکیان سەربڕی، پێنج هەزار گوڵیان ژاکاند، پێنج هەزار پەپوولەیان هەڵقرچان.. خەڵکەکەی هەڵەبجە لەتەیارە دەترسان... دەیانویست خۆیانی لێ بشارنەوە دەیانزانی ئەو تەیارەیە ژەهری بۆ هێنابوون بەدیاری. دەیانزانی هاتووە شارەکەیان وێران بکات بیکاتە خۆڵەمێش.



خەڵکەکەی هەڵەبجەش رقیان لەو تەیارەیەو سەرنشینەکانی ناوی بوو، چونکە گوتاری مەرگی پێی بوو.

ئەمڕۆ دوای 15 ساڵ لەمەرگی هەڵەبجە، دوای پانزە ساڵ لەهەڵقرچانی جەرگی هەڵەبجەییەکان، جارێکی تر فڕۆکە هاتەوە سەر شارەکەیان بەهەمان ئەو ئاسمانەدا خولایەوە کەپانزە ساڵ لەمەوبەر لەوێوە ژەهرباران کرابوون، بەڵام ئەمجارە سایەقی فڕۆکەکەو سەرنشینەکانی رقیان لەخەڵکی هەڵەبجە نەبوو. پەیامی ژیان دۆستیو ئاوەدانیان بۆ هێنابوو.. ئەمجارە وەزیری جەنگ نەهات تا هەناسەو ئاوەدانی لەهەڵەبجە ببڕن.. ئەمجارە وەزیری دەرەوەی وڵاتێك بوو کەئازادی بۆ هەڵەبجەو وڵاتی هەڵەبجەییەکان هێنابوو، ئەمجارە هەڵەبجەییەکان رقیان لەکۆپتەرەکە نەبوو منداڵانی هەڵەبجە لێی نەترسان نەیاندەویست لەماڵەوەبن هەموو رژابوونە سەر کۆڵانو لەشوێنە بەرزەکانی هەڵەبجەوە تەماشایان دەکرد، ئەمجارە رۆحیانەتی ئەو هەڵەبجەییانەش کە 15 ساڵ لەمەوبەر فڕۆکەکان کوشتیان، ئەوانیش تێکەڵ بەئاپۆرەی چەپڵەڕێزانی دایكو براو خوشكو کەسوکارەکەی خۆیان بوون.. روحیانەتی ئەوانیش بەئاسمانی هەڵەبجەدا دەسوڕانەوە.

ئەمجارە لاشەیان لەسەریەك لەگۆڕی بەکۆمەڵدا نەناشت.. ئەمجارە لەگۆڕستانی هەڵەبجە منداڵانی هەڵەبجە تاجەگوڵینەیان بەخشییە سەر نشینەکانی فڕۆکەکان .

ئەمجارە وەزیرەکە قاقا بەمەرگی هەڵەبجە پێ ناکەنی.. ئەم میوانە هەناسەی ساردی هەڵدەمژیو لەقوڵای ناخیەوە خەم دایدەگرت بۆ مەرگی ئەو (5) هەزار پەپوولەیە.

ئەمجارەو ئەم وەزیرە دەستی بەسەر روحی برینداری هەڵەبجەییەکاندا هێناو کەدەشگەڕێتەوە داوای ئاوەدانکردنەوەو روح کردنەوە بەجەستەی هەڵەبجەدا دەکات.

ئەم هەلیکۆپتەرەی ئەمجارە کەهەستاو ڕۆیشتەوە منداڵان (بای بای) یان بۆ دەکرد. حەزیان دەکرد هەمیشە لەناویان بێ‌و نەڕواتەوە، دەگریان بۆیی داوایان دەکرد زووبێتەوە بۆ ناویان حەزیان دەکرد هەمیشە لەناویان دابێت.

منداڵانی هەڵەبجە.. هەڵەبجەییەکان دنیا دیدەکانی هەڵەبجە دەیانووت دەبێت هەتا هەتایە ئەم ڕۆژەمان لەیادبێت دەبێت چاکەی ئەم میوانەمان لەیادبێت دەبێت هەمیشە دۆستی بین. هەمیشە دەستی بۆ بگرین بەسنگەوە.

*کوردستانی نوێ ژمارە (3175) 2003/9/19

## کەرکوکو شارەوانی سلێمانی



قسەم زۆرە لەسەر ئازادکردنی کەرکوکو پاشاگەردانی یەك دوو ڕۆژی یەکەمی ئازادکردنی‌و تا ئاسایی بوونەوەی‌و زۆر شتی تریش، کەبڵاوکردنەوەیان لەمڕۆدا کارێکی پەلەیەو گەر تەمەن بوو لەدوارۆژدا بەشێکی گرنگی نووسینەوەی یاداشتەکانم بۆ ئەوە تەرخان دەکەم.. بەڵام وەك چۆن کارێکی ناشایستە یان دیاردەیەکی دزێو سەرنجم ڕادەکێشی‌و ناتوانم بێدەنگ بم زۆرجار ڕەخنە دەگرم‌و دەیانخەمە پێش چاو.. ئاوهاش زۆرجار دیاردەی جوان‌و هەڵوێستی جوان مرۆڤ سەرسام دەکاتو بۆ ئەمەشیان دەبێ ستایش‌و دەستخۆشیمان هەبێ..

ئەوەی لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندی بەم باسەو کەرکوکەوە هەیە، ئەوەیە کەدوای ئازادکردنی کەرکوکو ئەو تالانو بڕۆیەی یەك دوو ڕۆژی سەرەتا، لەهەڵمەتی ئاساییکردنەوەی شاری کەرکوکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبایەخەوە هەوڵەکانی خستەگەڕ، یەکێك لەو دیمەنە سەرنجڕاکێش‌و جوانانەی کە لەسێیەم ڕۆژی ئازادی کەرکوکەوە بەردەوام هەستی پێدەکرێت (وجودی شارەوانیی سلێمانییە لەکەرکوك) بەچەند تیمێکی فراوان کەوتوونەتە پاککردنەوەی ناو شەقامو کۆڵانەکانو هەڵگرتنی ئەو گوێنییە خۆڵانەی کەڕژێم وەك سەنگەر لەسەر هەموو کوچەو کۆڵانێکدا دروستی کردبوون.. ئەم بەشداریکردنەی شارەوانیی سلێمانی لەهەڵمەتی پاککردنەوەو جوانکردنو بیناکردنەوەی کەرکوکدا وێڕای ئەوەی کەهانمان دەدات لەناخەوە دەستخۆشییان لێبکەین، دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کەژمارەی ئەو دڵسۆزانەش زۆرن کەخەم لەجوانکردنی نیشتمان دەخۆن‌و دەیانەوێت پشکی ئەو شەرەفەیان بەرکەوێت کە لەئاوەدانکردنەوەی نیشتمانێکی وێراندا ڕۆڵیان هەبووە.

ئەو بەشداریکردنەی شارەوانیی سلێمانی لەهەڵمەتی ئاساییو ئاوەدانکردنەوەی کەرکوك دا بۆ خۆیان لەکرێکارێکەوە تا ئەندازیارو ئەندامانی ئەنجومەنو سەرۆکی شارەوانییەکەیان شەرەفێکی گەورەیە بەدڵنیاییەوە دەیڵێم لەمێژووی ژیانی خۆیانو کەرکوکیشدا تۆماریان کرد..

وەك چۆن لەلاپەڕەکانی مێژووی کەرکوکدا ناوی هەموو ئەوانەی لەوێرانکردنیدا بەشداربوون تۆمار دەکرێتو ئەو

شرِەخۆرو تالآنچییانەش کەویستیان نەهێڵن کەرکوك جوان بێت بەخیانەتی نیشتمانی بۆیان تۆمار دەکرێت..

ئاوهاش هەموو ئەوانەی بەردێك دەخەنە سەر بەردێك لەبیناکردنەوەی، گوڵێك لەباخچەیەکدا دەنێژن، بەشانازیو شەرەفمەندییەوە ناویان بەرزو پیرۆز رادەگیرێت.. جا هەر بۆ ئەوەی شارەوانیی سلێمانی شەرەفی گەورەتری پێ ببرِێت هیوادارم کە لەو وەرزی ئازادیو ئاوەدانییەدا هەڵمەتێکیش بۆ سەوزکردنی رێگاوبانەکانی کەرکوكو رازاندنەوەی باخچەو شەقامەکانی کەرکوكو رازاندنەوەی باخچەو شەقامەکانی کەرکوك بکەن کەبەمەش زیاتر خۆشەویستی نێوانیان دەگەشێتەوەو ئەوکات هەموان لەوەدەگەن کە کەرکوكو سلێمانی دوو عاشقو مەعشوقنو بێ یەك ناژین.

*کوردستانی نوێ– دواستون– ژمارە (3043) 2003/4/19

## وەك کەرکوك قەرزارتین (محمد صۆفی)

لەرِۆژنامەی کوردستانی نوێ–وە ئاشنای ناوت بووین، لەوێوە زانیمان جگە لەخۆمان زۆرن ژمارەی ئەوانەی بۆمان دەسوتێن. لەکوردستانی نوێ–وە زانیمان پیاوێکی بەهێزو کەڵەگەت شانی داوەتە بەر خەمەکانمانو مێژوومان دەنوسێتەوە، لەوێوە ئاشنات بووین کەبەگژ پاکتاوی رەگەزیدا دەچیتەوە، بەقەڵەم بەر لەچرِنوکی تەعریب دەگری. زۆرت بۆ نووسینو دەستو پەنجەت کردبووە شانە بۆ داهێنانی پرچی خاوی منداڵە راگوێزراوەکانمانو زۆر پێمانەوە ماندووبووی.

ببورە نەمتوانی بەزیندوێتیو تا لەژیاندابووی تاجەگوڵینەی دەستخۆشیو ستایشت پێ ببەخشین، نەمانتوانی بێین ئاسوودەت بکەین،



نەمانتوانی بەخۆت بڵێین خۆشمان ئەوێی، بەڵام خۆشمانویستی، مەگەر ئازادکردنی کەرکوكو توانەوەی شێرەبەفرینەی تەعریب ئاسوودەی کردبی، ئەگینا لەدوورەوە دەزانم رۆژانە ئازارت بۆ کەرکوك دەچێژا.

بەداخەوە تەنها لەدوورەوە دەمزانی کێی، تەنانەت بەوێنەیەکیش نەمبینیت، بەڵام دەمزانی سۆفیەکی عاشقی شارەکەم بووی. ئای خۆشم دەویستیو نەمتوانی بتبینمو پێت بڵێم: خۆشم دەوێی، چونکە تۆ یەکێك بووی لەوانەی فرمێسکی چاومت دەسرِیو خەمەکانمت دەتاران. ببوورە سۆفی گیان تا لەژیاندا بووی نەمانتوانی پێت بڵێین" وەك کەرکوك قەرزارتین، بەڵام ئێستا لەبەردەم رۆحیانەتتدا قەرزاری خۆمان بەیان دەکەین لەقیامەتدا بەدیدارت شاددەبینو قەرزەکەت دەدەینەوە.

ببوورە سۆفیە عاشقەکە لەکوردستانی نوێ–وە ناسیمانیتو لەکوردستانی نوێ–وە سلاوت لێکردین، هەر لەو پەنجەرەیەشەوە هەواڵی ماڵئاوایت بۆ ناردین خۆزگە مەرگ ئەو غەدرەی لێنەدەکردیو جارێ ئەو سەفەرەت دەستپێنەدەکرد!

*کوردستانی نوێ ژمارە (3136) لە 2003/8/5

## بانگەوازێکی بەپەلە
## بۆمۆزەخانەی کەلوپەلی شەهیدەکان

لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە رۆژانە تەرمی ئازیزانو ئەو برا شەهیدانە دەدۆزرێتەوە کە لەرۆژە سەختەکانی خەباتدا چ لەپاش شەهیدبوون یان بەزیندوێتی بەردەستی رژێم کەوتوونو تائێستا چارەنووسی خۆیانو تەرمەکانیان بەنادیاری مابۆوە.. زۆرن ژمارەی ئەو پۆلە پێشمەرگەو هاولاتیانەی کەدەستگیر کراونو ئیتر جگە لەخواو لەدارو دەستە نزیکەکەی سەدام کەس هەواڵیانی نەزانیووە، کوردواتەنی (خوا سەری هەڵمالی) خەریکە تەواوی نهێنییەکان ئاشکرا دەبن، لەهەر شیوو دۆڵو جێ سەربازگەو ناوچەیەکی (موحەرەمە)دا چەندین گۆڕی بەکۆمەڵی لەوجۆرە دۆزراونەتەوەو بەردەوامیش دەدۆزرێنەوە، لەناو گۆڕەکانیشدا لەگەڵ ئێسکو پروسکی شەهیدەکاندا کۆمەڵێ شتی دەگمەن هەن کەپاراستنیان بۆ سبەی دەبێتە بەجەوهەرترین کەرەستەی نێو مۆزەخانەو ماڵی کورد.

هەر لەجلوبەرگی نیوەرزیووی بەری شەهیدەکانەوە تا پێڵاوو تەزبیحو ئەڵقەو پاکەتو شقارتەو سەعاتەکانیان هەمووی پێویستی بەپاراستنە.. چەندین لەو شەهیدانە کاتژمێرەکانی دەستیان رۆژو مانگو کاتەکەی تۆمار کردووە کە بەتەنها ئەو (سەعاتانە)و دانانیان لەبەشێکی مۆزەخانەیەك دا بۆ دوارۆژ دەبێتە سەرنج راکێشترین بەشی مۆزەخانەی کوردی.



بۆیە ئەم بانگەوازە بەپەلەیەم نووسیو دەیخەمە پێش چاوی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کورد کە تا زووە مۆزەخانەیەکی بەپەلە دروست بکەن تەنها بۆ پاراستنی ئەو کەلوپەلانەو لەفەوتان بیانپارێزن، چونکە کەسوکاری شەهیدەکان چاوەڕێی ئەوە ناکەن کەی ئێمە بەئارەزووی خۆمان مۆزەخانەمان دامەزراند ئەوکات ئەوان بچن تەرمی شەهیدەکانیان دەرکەن دەبێ وەك چۆن دایكو براو کەسوکاری شەهیدەکان پەلەن لەدۆزینەوەو دەرکردنی تەرمی شەهیدەکانیاندا ئێمەش پێویستە ئاوا خەمخۆرانە پەلە لەدروستکردنی ئەو شوێنە پیرۆزە بکەینو سەرجەم کەلوپەلە پیرۆزەکانی ئەو شەهیدانە بەزانیاری تۆمار کراوەوە لەوێدا بپارێزین.

*کوردستانی نوێ– ژمارە (3087) 2003/6/9

## بەدوادا چوونێك
## بۆ ئاوڕدانەوەیەك لەفەقێ قادر

لەدواستوونی ژمارە 2287ی رۆژنامەی کوردستانی نوێدا. برای خۆشەویست کاك لەتیف فاتح لەژێر ناوی" ئاوڕدانەوەیەك لەفەقێ قادر ستونێکی نووسیوەو تیایدا باسی شاعیرێتیو خواناسیو قایمقامیەتیو کورد پەروەری بوونی فەقێ قادری هەمەوەند دەکاتو، ئاماژە بەکەمتەرخەمی هەمووان دەکات، لەبەرامبەریداو

دواوتەشی بەوە کۆتایی پێهێناوە، کەپەیکەرێکی بۆ بکرێت..

منیش لەوەدا دەنگ دەخەمە پاڵ دەنگی کاك لەتیف، کەوەك پێویست ئاوڕمان لەو گەورە پیاوانەی سەردەمی رابردوومان نەداوەتەوەو قەرزداری هەموویانین. هەرکات بوار رەخسا دەبێت روحیانەتیان شاد بکەین بەوەی سەرجەم بەرهەمەکانیان زیندوو بکەینەوەو، خوێندنەوەیان لەبارەوە بکرێتو بەرز رایان بگرینو لەشوێنی گونجاویشدا پەیکەریان بۆ بکەین..

لێرە لەچەمچەماڵ جگە لەفەقێ قادرو شێخ رەزا، مەلای جەباریو شێخ محەمەدی خاڵو شاکر فەتاحو بێکەس–مان هەن، کەشوێن دەستیان بەم دەڤەرەوە دیارەو دەبێت ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.. بەتایبەت شاکر فەتاح، کەرۆژنامەی (چەمچەماڵو باسەڕە)ی دەرکردووە، بێکەسی شاعیریش دەیان کەسی ئەم شارەی فێری خوێندەواری کردووەو ماوەیەکی زۆر چرای ئاوەدانی ئێرە بووە.. هەروەها نووسەرو شاعیر (باقی عەبدولخالق)مان هەیە کەڕۆژێك دێت ئەم ناوچەیەی ئێمە شانازی بەهەڵوێستەکەیەوە بکەن، کە لەبەرامبەر 31ی ئابداو بۆ رەتکردنەوەی خیانەت خۆی ئیعدام کرد..

بۆیە کاتێك دەرفەتێك دەرەخسێت یان بوارێك دروست دەبێت، تالێیەوە ئاوڕێك لەهەریەك لەو زاتانە بدەینەوە، ناکرێت تەنها یەکێکیان یان دووانیانمان لەیادبێتو ئەوانەی دی فەرامۆش بکەین، ئێستا مامە شێخ رەزا لەچەمچەماڵ پەیکەری بۆ کراوە.. فەقێ قادر جگەلەوەی قوتابخانەیەکی بەناوەوە نراوە، لەپرۆژەی تازەی شارەوانیدا بۆ گۆڕینی ناوی گەڕەكو شەقامەکان. گەڕەکێكو شەقامی سەرەکی چەمچەماڵ–سلێمانیش بەناوی فەقێ قادرەوە نراونو



پەیکەرێکیشی بۆ دروستکراوەو لەچەند رۆژی ئایندەدا لەدەروازەی چەمچەماڵ دادەنرێت..

بۆیە هەقە داوای بەرزو پیرۆز راگرتنی گیانی ئەوانی تریش بکەین.. چونکە لەم هەلو مەرجەدا هەر ئەوەندە دەکرێت گەر چەپکە نێرگزێك بێت هەریەکەو چڵێ بدەین لەبەرۆکیان، چونکە جگە لەفەقێ قادر قەرزداری زۆرترین.

*کوردستانی نوێ ژمارە (2300) 2000/11/11

## سوپاس بۆ
## هەڵوێستەکەت زەکەریا عەبدوڵڵا

لەدوالاپەڕەی کوردستانی نوێی ژمارە (2749)ی رۆژی (2002/5/7)داو لەدیدارێکی کورتی هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵڵا کە لەسویدو تایبەت بەکوردستانی نوێ سازکرابوو، لەوەڵامی یەکێك لەپرسیارەکانی کوردستانی نوێدا کەئایا داهاتی ئەو CDیە تازەیەت چی لێدەکەیت، هورنەمەند زەکەریا لەوەڵامدا دەڵێ: (قازانجەکەی بۆ منداڵی هەژارو بێ دایكو باوكو ئەنفالکراوەکانی کوردستانە).. ئەم وەڵامەی زەکەریا بەچەند دیوێکدا سەرنجی راکێشام بۆ ئەوەی ئەم چەند دێڕە بنووسم.

زۆرجار لەرێگەی ئاژانسو کەناڵەکانی راگەیاندنەوە دەبیستین کەهونەرمەندە گەورەکانی جیهان هەڵوێستی ئینسانی گەورە دەنوێنن، داهاتی فیلمێك، کاسێتێك، پێشانگەیەك، کۆنسێرتێك، بەرهەمێکی تازەیان دەکەنە دیاری بۆ برسیو رەشو رووتەکانی وڵاتێك، یاخود لەبەرامبەر رووداوو کارەساتێکی سروشتیدا، کۆمەکی خۆیان پێشکەش دەکەن، رەنگە لەبەرامبەر کارەساتی

(11)ی ئەیلولی ئەمریکاو هەڵمەتی کۆمەکی هونەرمەندە گەورەکانی ئەمریکا خۆیان بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووانی ئەو کارەساتە، هەڵوێستێکی نزیکی ئەمڕۆمان بێت.

لەمێژووی دوورو نزیکی ئێمەشدا خەڵکانی خاوەن هەڵوێستمان هەبوون کەم تازۆرێك بەتەنگ گەلەکەمانەوە هاتوونو هەڵوێستی مەردانەیان نواندووە.

بەڵام کەئەمڕۆ هونەرمەندێکی تازە هەڵکەوتووی دیاری وەك زەکەریا دێت قازانجی تازەترینو ناوازەترین بەرهەمی خۆی تەرخان دەکات بۆ بەشمەینەتترین توێژی نێو کۆمەڵ کەمندالآنی پاشماوەی ئەنفالە، لێرەداو لەبەرامبەر گەورەیی ئەو هەڵوێستەی زەکەریادا موچورکی خۆشحاڵی بەلەشماندا دێت کەهۆشیاری نەتەوەیی خەریکە لای ئەم نەوە تازەیە گەشە بکاتو وا لەزەکەریا دەکات قازانجی بەرهەمەکەی پێشکەش بە بەشمەینەتەکانی نەتەوەکەی بکات، کەڕەنگە زۆربەی هەرە زۆریان لەبەرئەوەی نەڕادیۆیان هەیەو نەتەلەفزیۆنو نەتەسجیل، دەشێ ناوی زەکەریایان هەر نەبیستبێو رەنگە بۆ یەکەمجار ئەوکاتە ناوی ببیستن کەلیژنەیەك تەقە لەدەرگای ماڵەکەیان هەستێنێو دیارییەکیان پێشکەش بکات بڵێن ئەوە دیاری (زەکەریا)یە.

بۆیە جێی خۆیەتی دەستخۆشی لەزەکەریا بکرێتو سوپاسی ئەو هەڵوێستەی بکرێت کەئەو مندالآنی ئەنفالی لەبیرە، بەڵام زۆرن ئەوانەی لەناو واقیعی ئەنفالدا ژیاونو ئێستاش لەنزیکەوە ئاگایان لەمەرگەساتی ژیانی پاشماوەکانیان هەیە، بەڵام



بیریان ناکەوێتەوە هەڵوێستی چوون ئەوەی زەکەریا بنوێنن کەڕەنگە زۆرتریشیان پێبکرێت.

لایەنێکی تریش" ئەوەی کەوا دەخوازێ سوپاسی زەکەریا بکرێت ئەوەیە کەزۆر کەسمان هەن توانایان لەداهاتو توانای زەکەریاو هەموو هاوکارەکانی زیاترە، بەڵام بۆ ناوو ناوبانگی خۆیان رەنگە هەڵوێستی لەوەی زەکەریا بۆ گەلو نەتەوەکانی تر بکەنو مندالآنی نەتەوەکەی خۆیان بیرنەکەوێتەوە، زۆریشن ئەوانەی سەد ئەوەندەی زەکەریا داهاتیان هەیەو لەبانقەکاندا سەفتەی دەکەن.

بۆیە هەقە هەموومان سوپاسی ئەو هەڵوێستەی زەکەریا بکەین.

*کوردستانی نوێ ژمارە (2754) 2002/5/13

## بەچ یاسایەك رەوایە...!؟

لەدوای کۆڕەوەکەی ساڵی 1991 کەگوزەرت بەناوچەی شارەزووردا دەکرد لە (سەیدسادق) کۆمەڵێ خێوەتو کابینە سەرنجیان رادەکێشای کەدەبوو بپرسی یان هەردەبوو بزانی ئەم ئاوارانە ئاوارەی کوێن، ئایا بۆ لەدوای گەڕانەوەی خەڵكو هێزەی پێشمەرگە ئەمانە نەگەڕاونەتەوە سەرماڵو حاڵی خۆیان، کەدەتپرسیو پاش وەڵام بۆت دەردەکەوت کەئەمانە زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی

شاری کەرکوکو گوندەکانی ناوچەی پشتوێنەی ئەمنی حکومەتی عیراقن کەبەدەوری کەرکوکدا دروستیکردبوو.. بەزەییت بەحاڵیاندا دەهاتەوە کەژیان لەنێو چەند مەترە نایلۆنو خێوەتدا بەسەربەرنو لەسایەی ئازادی کوردستانو دەسەڵاتی کوردیدا ژیان بەئاوارەیی بگوزەرێنن.

بەڵام شارەکەشیانو ناوچەکانیان لەلایەن داگیرکەرەوە دەستی بەسەرداگیرابوو ئەمان دەربەدەری دەستی سیاسەتی ئەو حکومەتە بوون.. ماوەیەك بەوشێوەیە ژیانیان بردەسەر، تا وردە وردە بەهەولۆو تواناو ئیمکانیاتی حکومەتی خۆماڵیو سود وەرگرتن لەرێکخراوە خێرخوازەکانو دواجار بەسوود وەرگرتن لەبڕیاری 986 ئەو دیاردەیە لەبەرچاو نەماو بەشێکی زۆری ئاوارەکان لەخانوو (شوقە)ی نیشتەجێبووندا جێگایان بۆ کرایەوەو ئێستاش حکومەتی هەرێم لەهەوڵی بەردەوام دایە بۆ دروستکردنی خانووی زیاتر تا تەواوی ئاوارەکان شوێنی نیشتەجێبونیان بۆ دەستەبەر بکرێ.

تەنها سیمایەکیش کەوەك ڕەمزی ئاوارەییو بۆ نیشاندانی دەرئەنجامەکانی سیاسەتی دەربەدەرکردن مابێتەوە، کەدەسەڵاتدارێتی عیراق پیادەی دەکات (کەمپی بەردەقارەمان)ە، کە لەساڵی 1997وە بەردەوام دەرکراوی تازە لەخۆی دەگری تاشوێنیان بۆ دابین دەکرێت، بەڵام هەموو ئەو ئاوارانە دەربەدەری دەستی دەسەڵاتێکی داسەپاون لەکەرکوکدا.

گەر ئێستاو دوای هەڵتۆقینی گروپی بەناو (جند الاسلام) لەناوچەی هەورامان گوزەرێك بەشارەزووردا بکەیتەوە لەهەمان ناوچە لەسەیدسادق کەمپێکی تری ئاوارە پێشوازیت لێدەکات کەئەمەیان پێچەوانەی ئاوارەکانی زوو کە



لەبەر بێ جێگەو ڕێگەییو داگیرکردنی کەرکوك هاتبوونە شارەزوور، کەچی ئەمان خۆیان خەڵکی شارەزوورنو باوو باپیرانیان مێژووی لەوێدا بڕاوەتەوە، خاوەنی ڕەسەنو ڕاستەقینەی هەورامانن و ئێستا خەڵکانێك کەبەناو خۆیان بەکورد دەزانن، دەربەدەریان کردوون.. نازانم بەچی یاسایەك ڕەوایە بەچی پێوەرو دەستورێك کابرایەکی سەرگەردانو سەرلێشێواوی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بۆی هەبێ بێتە تەوێڵەو بیارەو بەمۆرکی خۆی بزانێ، بەڵام ڕێگەنەدات تەوێڵەییو بیارەییەکان خۆیان لەوێ بژین.. کام یاساو چ ئاینێك ڕێگە بەوە دەدات ئەو دەرون نەخۆشانە هەورامان بکەنە شوێنی ژیانی ئەفغانیو عەرەبو چیو چی.. کەچی کابرایەك کەدەیان پشتی لەوێ بڕاوەتەوە مافی ژیانی نەبێ.. کام ویژدان ئەوە قبوڵدەکات هەورامییەکان ئاوارەبن لەسەیدسادق.. بەڵام ئەفغانییەکان خاوەن ماڵبن لەهەورامان..!!

*کوردستانی نوێ ژمارە (2614) 2001/11/19

# هەڵوێستێك لەزیندانەوە دژ بەجند الاسلام

چـــونکە دروســـتبوونی یـــان وردتـــر بڵـــێم دروســـتکردنی (جنـــد الاســـلام) بەشـــێوەیەکی ناسروشـــتی بـــوو، هەربۆیـــە یەکـــەم کـــردەوەی خۆناساندنیشـــیان لـــەکاری مـــرۆڤ نەچـــوو، کارەسـاتێکیان خوڵقانـد کـە لـەنێو جروجانـەوەرو ئاژەڵە دڕندەکانیشدا کاری وا نەکرابێ، مەگەر هـەر لەجند الاسلام بووەشێتەوە کەشمشێر بخرێتە بینی ژیانی ژنو منداڵو لاوانی ئاوایی (خێڵی حەمە).

هەربۆیـــە لەســـەرجەم ناوەندەکانیشـــەوە هەڵوێستی زۆرمانبینیو بـەرگوێ کـەوت کـە لـەدژی ئـەو گروپـە (پـڕ مەترسییە بـۆ سـەر ژیـانی مـرۆڤ) بەرزکرانەوەو هەڵوێست لەدژیان وەرگیرا.

بەڵام ئەوەی کەئەز لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم" هەڵوێسـتی پێشـمەرگەیەکی دێـرینو ڕۆژانـی سەختی خـەباتی کوردایەتییـە، کـەدوای ساڵانێکی زۆر تێکۆشـــانو جـــوامێریی نوانـــدن، بـــەهۆی کێشـەیەکی کۆمەڵایەتییـەوە ئێسـتا لەزینداندایـە، کاتـێ ئـەم گروپـە تیرۆریسـتە دەسـتیان خسـتە خـــوێنی چـــەندین هـــاوڕێو هاوســـەنگەری ئـــەم پێشمەرگە زیندانییەو بەشمشێری ژەنگاوی سەریان بـــڕین، ئـــەم لێـــرە لەزیندانـــەوە نامەیـــەکی بـــۆ فەرمانـدەیی نووسـیوە کەتیایـدا سـەرباری ئـەوەی کەئامادەیی دەربڕیوە بەهەموو شێوەیەك کەفالەتی ڕۆحـیش بـدات کەڕێگـەی بـدەن بچێتە شـەڕگەکەو بەشداریی لەداستانەکانی هێزی پێشـمەرگەدا بکـات دژ بەو تیرۆریستو دوژمن بەکوردانـەو بـەڵێنی داوە کەدوای کۆتاییهاتنی شەڕەکەش بگەڕێتەوە بۆ نێو زیندانەکەی، چونکە دەڵێ: مـن وا پـەروەردە بـووم کەبــــەردەوام لەســــەنگەری دژ بــــەدوژمنانو داگیرکەرانی کوردستاندا بم، تەمـەنێکی زۆرم لـەنێو ئـەو سـەنگەرەدا بردۆتەسـەر، بـەڵام کاتـێ ئێسـتا دەبینم هەڕەشـە لـەو ئـازادیو دەسـتکەوتانەی کـە بـەخوێن وەبـەرهاتوون دەکـرێ" هێزێـك دەیـەوێت هـــەموو کوردســـتان بکاتـــە زینـــدان، لەبـــەردەم گەلەکەمـدا خـۆم بەخەجاڵـەت دەزانم کـە لەژیانمـدا بەشـــداریی بەرەنگاربوونـــەوەی هـــەموو دوژمـــنو داگیرکـەرێکم کردبـێ" لەبەرامبـەر ئـەم دوژمنانـەدا کەدەیانـــەوێ زینـــدانی هەمیشـــەیی بـــۆ ئێســـتاو نـەوەکانی داهاتوومـان دروسـتبکەن، گـەر نەچـمە سـەنگەرو لـەدژیان نەجـەنگم خـۆم بـەگوناهبارو خەجاڵەت دەزانم.

*کوردستانی نوێ ژمارە (2610) 2001/11/14

# کەرکوکو لەعەرەبی خستن

کـەرکوك بەدرێـژایی مێژوویـەکی زۆر دور نمونـەی پێکەوە ژیانی گـەلو نەتـەوەو ئـاینی جیـاوازبووە، هەرچـەندە شـارێکی کوردسـتانیو لەسـەر خـاکی کوردستانو لەسەر دەستی کوردیش دروستکراوە.. بـەڵام هـیچ کـاتو لـەهیچ سـەردەمێکدا کـورد ئـەو حەساسیێتەی دروسـت نـەکردووە کەشـارەکە تـەنها بەشوێن ژیانی خۆی بزانێو مـافی ژیـانو هـاووڵاتی بـوون لەنەتـــەوەکانی تـــر بســـەنێتەوە.. بـــەڵام

بەعسییەکان وایان کرد، دوای هاتنە سەر حوکم ویستیان سیمای ئەم شارە بگۆڕنو بیکەن بەشارێکی عەرەبیو مافی خاوەنداریێتیو تەنانەت هاووڵاتی بوونیش لەکوردی ئەم شارە زەوت بکەن، بۆ ئەو مەبەستە زۆر ڕێگای جۆراوجۆریان بۆ گرتەبەرو دەیان هەزار خێزانی عەرەبیان بۆ هێناو دەیان هەزار خێزانی کوردیان تیا دەرکردو ناوی گەڕەکو شەقامو خوێندنگەو تەنانەت ناوی شارەکەشیان گۆڕیو کردیان بە (عەرەبی).. هەموو دونیا لەم راستییە ئاگادارنو لەو زوڵمە گەورییە دەگەن بەتایبەتیش لەدوای رزگارکردنی گەلانی عێراق لەدەستی دیکتاتۆریەت ئەم بەرچاو روونییە بەشێوەیەکی وردتر لەپێش چاوی دونیا رون بۆتەوە، بۆیە ئێستا تەواوی دونیا پشتگیریو پشتیوانی ئەو هەنگاوانە دەکەن کەدەیانەوێ کەرکوك بگەڕێنرێتەوە سەردەمی بەرلەهاتنی بەعسییەکان.. گەڕانەوەکەش لەرووی ئیداریو پێکهاتەی نەتەوەییەوەیەو لەهەمان کاتدا لێسەندنەوەی ئەو زەوتکردنەیەو گەڕانەوەی مافی خاوەنداریێتی کردنی کەرکوك بۆ خاوەنە راستەقینەکانی.. لەم رووەوە چەند هەولێکی کوردیو عێراقیو جیهانی هەن کەخۆیان هاوڕاو هاودیدن لەمەسەلەی کەرکوکداو خاوەن یەك بۆچوونن بۆ پراکتیزە کردنی ئەو گەڕانەوەیە، کەئەویش هەنگاوی یەکەمی (لەعەرەبی خستنی سیمای شارەکەیە) ئەمە قەناعەتی زۆرترین ئەوخەڵکانەیە کەخەون بەئایندەیەکی گەشی عێراقی ئایندەوە دەبینن‌و چ عەرەبو چ کوردو نەتەوەکانی تریش ئەوانەی دەیانەوێ عێراقی داهاتوو چەتری کامەرانیو ژیاندۆستی بێت، ئەوە بەهەنگاوێکی گەورەی بیناکردنی ئەو چەترە دەزانن..



ئەوەی جێی خۆشحاڵیەو ئاماژەی سەرخستنی ئەم پرۆژەیەیە ئەوەیە کەجگە لەعێراقییەکان کەخۆیان خاوەنی مەسەلەکەن. ناوەندە گەورەو بڕیار بەدەستەکانی دونیاش پشتگیرو پشتیوانمان دەبنو لەم رۆژانەشدا وەفدێکی باڵای کۆمیساری ئاوارە لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا کاتێ سەردانی کوردستانیان کردو لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی حکومەتو (ی. ن. ك)دا تاوتوێی رێوشوێنی یاسایی گەڕانەوەی هەموو ئاوارەکانیان کرد بۆ زێدی خۆیانو کۆبوونەوەیەکی گرنگو هاوبەش بۆ ئەم مەبەستە سازکرا کەبەندەش شەرەفی بەشداری کردنیم پێ بەخشرا، لەسەر زاری بەرپرسی یەکەمی وەفدە نێودەوڵەتییەکەوە ئەوە راگەیەنرا کەباشترین ڕێگا بۆ گەڕانەوەی هەموو دەرکراوەکانو بەخشینەوەی پێکەوە ژیانو ناسنامەی برایەتی بەکەرکوك لەوەوە دەستپێدەکات کە ئەو مۆرکی داگیرکارییەی لەسەر لابەرینو بڕیاری (لەعەرەبی خستن) بەسەریدا بسەپێنینو بیکەینەوە بەشاری هەموو نەتەوەو ئایینەکانو کارێك بکەین ئەو عەرەب نشینانەی کە بەزۆر هێنراونەتە کەرکوك بگەڕێنرێنەوە هەواری باو باپیریانو ئەو کوردانەش کەبەعس بەزۆر دەریکردن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیانو ژیان لەکەرکوکدا ئاسایی بێتەوەو سیمای داگیرکاری پێوە نەهێڵرێت، کەئەمەش گەورەترین خزمەت بەداهاتووی شارەکەو نەتەوەو ئاینەکانی شارەکەو ئایندەی عێراقیش دەکات.

*كوردستانی نویٚ ژماره (3123) له 2003/7/21

## هەڵوێستێكی

## گەورەی بنەماڵەیەكی بەهەڵوێست

كاك سامی برای شەهید ئازاد هەورامی پێی وتم كە لەنێوو گۆڕستانی شێخ محی الدین-ی كەركوك-دا لەنێوو ئەو گۆڕە بەكۆمەڵانەو لەنێوو ئەو دەیان شەهیدە بێ ناسنامەیەدا، بنەماڵەی شەهید وەستا ئەنوەری هەڵەبجە ئێسكو پروسكی رۆڵە جوامێرەكەی خۆیانیان دۆزیووەتەوەو شێخ عەلی برای شەهید وەستا ئەنوەر بڕیاری داوە كەتەرمی برا شەهیدەكەی نەباتەوە بۆ هەڵەبجەو نەیباتەوە لای براو كەسو كارە شەهیدەكانی تریو بەنیازە روفاتی شەهید ئەنوەر بەشاری كەركوك ببەخشێ.. هێندە هەڵوێستەكەم بەلاوە گەورەبوو موچوڕك بەلەشمدا هاتو سەرسام بووم لەوەی كەئەم بنەماڵە تێكۆشەرەی هەڵەبجە، ئەم خێزانە لاوو خوێنو شەهید بەخشە چۆن پەییان بەو حیكمەتە بردووە كە لەهەڵوێستێكی نموونەییدا خۆیان بكەن بەرەمزی خۆنەویستیو نەك لەخەباتو تێكۆشاندا نموونە بوونو بەشێكی زۆریان بەركەوتووە، نەك هەر لەقوربانیدانو خوێن بەخشیندا نموونەبوونو شەهیدی نموونەییان پێشكەش بەكوردو كوردستان كردووە، بەڵكو لەم قۆناغەی خەباتی دوای پرۆسەی ئازدای عیراقو لەهەلومەرجی خەباتی تاپۆكردنەوەی ماڵە زەوت كراوەكانمانو زەرورەتی گەڕانەوەمان‌دا بۆ كەركوك.. ئەم بنەماڵە بەهەڵوێستە رووفاتی شەهیدەكەی خۆیانیان پێ بەخشی، شەهیدێك كە لەنالەبارترین قۆناغی مێژووی كورداو



لەڕەشترینو تاریكترین رۆژەكانماندا بووە چرای رێگای‌شەوەزەنگو وەك مۆم بۆ رووناكی گەلەكەی توایەوە.. شەهیدێك كە لەساڵی 1977دا كاتێ بەعس لەشاری كەركوك كونجی زیندانی تاریكو هەیئەی خاسەی دروستكردوو لاوی كوردی ویست بۆ تەعزیب، ئەم بنەماڵە جوامێرەی هەڵەبجە وەستا ئەنوەری كوڕیان پێبەخشی.. كاتێ جەلادەكان لەزینداندا خوێنیان ویستو هەڵیان لوشی.. ئەم ماڵە تێكۆشەرە خوێنی ئەنوەریان پێبەخشی.. ئێستای دوای رزگاریو گەڕانەوەمان بۆ كەركوكو گەڕانەوەی كەركوك بۆ ئامێزی دایكی.. ئەم ماڵە بەهەڵوێستە روفاتی شەهیدەكەیان بەكەركوك بەخشی.. كەئەم هەڵوێستەیان لەدڵی كەركوكو كەركوكی‌یەكاندا وەك خۆری ناو ئالاّ سەركەشەكەی كوردستان لەهەموو كوچەو كۆلانێكی كەركوك-دا دەگەشێتەوەو دەبێتە تینو تاوی تێكۆشانی تێكۆشەرانی كەركوكو دەبێتە وزەی گڕی ئاگری كوردایەتیو شان بەشانی ئاگری نەوتەكەی باوە گوڕگوڕدا نێڵەیان دچێ بەئاسمانداو سرووودی‌خوایە وەتەن ئاواكەی ئەدا بەگوێی شارە غەدر لێكراوەكەی كەركوك-داو نەوەكانی داهاتوو بەپیتە ئەلفو بێ كوردییە قەدەغە كراوەكەی كەركوك، رادەهێنێ لەسەر هەموو كووچەو كۆڵانێكی شار بنووسن (زەڕەیەك خاكی وەتەن نادەین بەقەسری قەیسەری).

*کوردستانی نوێ ژمارە (3118) 2003/7/15

# ئان کلودو تۆپزاوا

لەبیرمە شەش ساڵو شتێ بەر لەئێستا بوو، چاوپێکەوتنم لەگەڵ یەکێ لەژنانی پاشماوەی ئەنفالدا کرد کەئەو خۆی بەرێککەوت لەو سەفەری مەرگەدا گەڕابووەوە، وتی (ئەگەر کورد حەیای هەبێ هەقە هەر ماڵێ منالێکمان ناو بنێین تۆپزاوا، بۆئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە لەئەنفالدا کورد لەتۆپزاوا چی پێکراوە) ئیتر لەدوای ئەو ماوەیەوە گەرچی هەموو کاتەکانیشم بۆ ئەنفال تەرخان کردووە، بەڵام هیچ جارێکو هیچ کاتێك قسەی ئەو خانمە بەگڕی ئەنفال هەڵقرچاوەم بەبیر نەهاتەوە..

لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقیشدا چەند جارێك سەردانی (تۆپزاوا)م کرد. چ بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو (قاعانەی) کە لەکاتی ئەنفالدا وەك کەمپی دەستبەسەرداگرتن بەکارهاتووەو چ بۆ بینینی ئەو سەربازگەیەی ئەنفال دیدەکان دەیگێڕنەوە کە



(هێندە گەورە بوو نیوەی مەملەکەتی خوا) لەناویا جێی دەبووەوە..!

چ بۆ بەدواداچوونی ئەو زانیاریانەی لەبارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە لامان بوو، لەهیچ کام لەم سەردانیانەشمدا دیمەنی تۆپزاوا نەیگەڕانمەوە بۆ ئەو قسەیەی 6 ساڵ لەمەوبەر پێیان وتم، گەرچی لەگەڵ هەر سەردانێکو دیمەنی هەر ئێسکو پروسکێکی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دەیان وشەو پێناسەی جیاجیای ئەنفال دیدەکان لەگوێمدا دەزرنگانەوە، بەڵام کاتێ خاتوو (ئان کلود) دۆستی دێرینو لەمێژینەی کورد لەگەڵ کاك سەلاح رەشید وەزیری مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفالدا هاتن لەچەمچەماڵ منیان لەگەڵ خۆیان بردو چووینە تۆپزاواو سەر چەند گۆڕە بەکۆمەڵێکو سەربازگەی تۆپزاوا. بەبێ ویستی خۆمو بێ ئەوەی هیچ هەوڵێك لەگەڵ مێشکم بدەم تا لەزاکیرەمدا بیرەوەریم بگەڕێنمەوە، چەند جارێك وەك شریتی ڤیدیۆ دیمەنی پڕ لەحوزنی ئەو ژنە چاو لەڕێیەی گەرمیان هاتەوە بەرچاومو ئەو قسەیەی کەکردی (گەر کورد حەیای هەبێ ناوی منداڵەکانمان دەنێین تۆپزاوا) چەند جارێك لەگوێمدا زرنگانەوە. لەوێ لەحیکمەتی قسەکەی ئەو ژنەی پاشماوەی ئەنفال گەیشتم کەناوو شوێن چەند گرنگنو هەستم کرد لای (ئان کلود)یش هەمان ئەو گەورەییەی دەبەخشێ کاتێ ئەویش بەدیمەنی تۆپزاوا ئەوکاتانەی بیرکەوتەوە کە لەساڵی رابردوودا چەند ژنێکی پاشماوەی ئەنفالم برد بۆلایو باسیان بۆ کرد چۆن لەتۆپزاوادا منالەکانیان لێ جیاکراوەتەوە، لەوێ (خاتوو ئان) بەهەناسە شیرینەکانی بەچەند هەناسەیەکی قوڵ ئازارەکانی خۆی دەربڕیو زۆر قسەی گرنگی کرد کە لەم نووسینە کورتەدا دەرفەتی نووسینەوەیان نییە. لەوکاتەدا خۆزگەم

دەخواست کەئەو ژنە گەرمیانییەی شەش ساڵ لەوەوبەر ئەو قسەیەی کردبوو لەوێ بووایا. دڵنیام ئەوکات لەوە دڵنیادەبوو کەتۆپزاواو ئەنفال نەك لەبیری کورد ناچنەوە بەڵکو بەئەندازەیەك کاریان لەسەر دەکرێت کەڕۆژێك دێ لەیادەوەری ئەنفالدا کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی لەقاعەکانی تۆپزاوا دژ بەجینۆسایدو کۆمەڵ کوژی ببەسترێتو ئەوکات نەك تەنها تۆپزاوا دەبێتە ناوی مناڵانمان، بەڵکو دەبێتە وێردی سەرزمانی هەموو گەلو نەتەوەکانی جیهانیش.

*کوردستانی نوێ ژمارە (3091) 2003/6/14

## مامە مەڕۆنەوە

دوای کارە تیرۆریستییەکەی ئاوایی خێڵی حەمەو رزگارکردنی هەڵەبجە" چەند جارێك سەردانی ناوچەکەم کرد، جارێك بۆ هەڵەبجەو جارێك بۆ بەسەرکردنەوەی برا پێشمەرگەکانم



لەشنروێ، هەرجارێکیان کۆمەڵێ سەرنجو یادگاریم لادروستبوو، کەدەکرێت لەدەرفەتی گونجاودا قسەیان لەسەر بکەم.

بەڵام دواجار رۆژی 10/12 بەوەفدێکی مەکتەبی سکرتاریەتی رێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان سەردانی ئاوایی (خێڵی حەمە)مان کردو کۆمەڵێ دیاری بووکەشوشەو یاری منداڵانو تۆپو کەلوپەلی وەرزشیمان برد بۆ منداڵانو لاوانی ئاوایی خێڵی حەمە، ئەو شتانەمان بۆ بردن کەزووتر منداڵانی لادێ لێی مەحرووم بوون" کەزووتر پێیان وترابوو بووکەشوشە (حەرامە) ئەوە بتە، نابێ لەماڵاندا هەبێو منداڵان تەنها دەیانتوانی بەخەیاڵ یاریی لەگەڵدا بکەنو لەخەوندا بیگرنە باوەش.. بەهەرحاڵ زۆر دیمەن لەو سەردانەدا سەرنجی راکێشام لەوەی کە تائێستا خەڵکی گوندەکە حەپەساون، هێشتا چەخماخەی شمشێری دەستی تیرۆریستان لەبەرچاویان لاناچێ، هێشتا خوێنی رژاوی شەهیدەکان وشك نەبووەتەوە، هێشتا پاڕانەوەی ژنانی ئاوایی لەئاسمانی گوندەکەدا زریکەی دێ، بەگشتی هێشتا واقیان لەو کارە وەحشیگەریانەی جند الاسلام وڕماوەو سەرسامیی بەرینەداون.

ئەوەی کەزۆر سەرنجی راکێشامو هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە" قەت ئەو دیمەنە لەبەرچاوم لاناچێ" منداڵێکی رۆحسوکی ئاوایی خێڵی حەمە دوای ئەوەی بووکەشوشەو یاریی مناڵانەی توند لەباوەشی گرتبوو" هاتە تەنیشتمەوەو بەپەنجە ناسکەکانی چمکی شەرواڵەکەی راکێشامو بەهێمنی وتی: مامە مەڕۆنەوە.. من وا حاڵیبووم ئەم منداڵە پەروەردەی دایكو باوکێکی رەسەنی کوردەوارییە، دابونەریتی رەسەنی کۆمەڵگە وا پەروەردەی کردووە کەڕێزی زۆر لەمیوان بگرێو کورد واتەنی:

خولّكی بكات.. نەمزانیو لەمەبەستەكەی نەگەیشتم، من سوپاسم كرد.. كەچی ئەو زۆر بەزمانێكی كەساسانەو بەزمانی پاڕانەوەوە جارێكی تر وتی: مامە مەڕۆنەوە" دوایی سەرمان ئەبڕن..

بۆیە لێرەوە داوا لەوێژدانی مرۆڤانەی هەموو كوردێك دەكەم كەنەهێڵن چیتر ئەو كارەساتە دووبارە بێتەوەو منداڵانی كوردستان بپارێزن، مەهێڵن شمشێر هەڕەشەیان لێ بكات، با خەون بەشتی جوانەوە ببینن نەك لەچەخماخەی شمشێر راپەڕن.

تكایە باهەموو هێزە نیشتمان پەروەرەكان بیر لەوە بكەنەوە ئەو ترسو دڵەڕاوكێیەی ئاوایی خێڵی حەمە برەوێننەوە، باهەمووان بچین ببینە شورای پاراستنی گیانی ئەو پەپولانە، با دڵنیایان كەین كەچیتر ناهێڵین كوندەپەپوو بێتە سەر گوێسەبانەی خانووەكانیانو خەونیان لێناتارێنێ.



*كوردستانی نوێ ژمارە (2584) 2003/10/15

## ئەگەر شەهیدنەبم بەدەستی خۆم دەرگای زیندانی ئەنفالەكان دەكەمەوە

ئەمە دوا وتەی پێشمەرگەی ماندوونەناسو دێرینی (ی. ن. ك)و هەڵقرچاو بەئاگری ئەنفال (ئەحمەد شوكر) بوو كە لەڕۆژی ئازادكردنی كەركوكدا ئەمان لەقۆڵی (لەیلان)ەوە هەڵمەتی شێر ئاسایان بۆ ئازادییەكەی كەركوك دەستی پێكرد.

كاتێ ئەم پێشمەرگە كەسوكار ئەنفالە وەك بەور هەڵمەت دەباتە سەر مۆڵگاكانی دوژمنو سڵ لە (فیدائی سەدامو سوپای قودسو گاردی كۆماری) ناكاتەوەو سنگ بەلوولەی تانكو دەبابەكانی بەعسەوە دەنێ، پێشمەرگەیەكی هاوڕێی بانگی دەكات ئاگاداری خۆت بە (ئەمە كۆتای فیلمەكەیە، با كۆتاییەكەی ببینین) ئەحمەد شوكر جۆشدراوی كوڕەی گەرمیان كەجگە لەخێزانەكەیو خوشكو براكانی خۆی چەندین خزمو كەسوكاری نزیكیو هاوڕێو هاوسەنگەرێكی زۆری لەساڵی 1988دا بەر شاڵاوی دڕندانەی ئەنفال كەوتوونو ئیتر لەساڵی (88)وە ئەمیش وەك سەرجەم پاشماوەی ئەنفالەكان هەمیشە بەهیوای گەڕانەوەیانە، بۆیە بەوشێوەیە وەڵامی هەڤاڵە پێشمەرگەكەی دەداتەوە كە (ئەگەر شەهید نەبم دەبێت بەدەستی خۆم دەرگای زیندانی ئەنفالەكان بكەمەوە) ئەم قسەیە دەكاتو هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێ، رەنگە ئەم قسەیەی خۆی جارێكی تر دیمەنی ئازیزە ئەنفالكراوەكانی هێنابێتەوە پێش چاویو بەئەندازەیەك بڕوای بەوە

هەبوویێت کەخۆی دەرگای زیندانی ئەنفالەکان بکاتەوەو دوور نییە لەگوێیدا دەنگو نزای ئەنفالەکان زرنگابێتەوەو هاواریان بۆ ئەم پێشمەرگەیە کردبێت بەفریایان بکەوێت.. بۆیە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە هەڵمەتی شێر ئاسای درێژە پێدەدات، بەڵام بەرلەوەی دەستی بگاتە قفڵی ژەنگ گرتووی دەرگای زیندانی ئەنفالەکانو بەئەسپی خەیاڵیدا ئەو ئاواتەی بەدی بێنێو بەئازیزانی شادبێتەوە، هەر لەناو (لەیلان)دا شەهید دەبێتو ئەم ئاواتی بەیەکگەیشتنەوەیە دەباتە ژێر گڵەوە.

ئەو پێشمەرگە هەمیشە چاو لەڕێیە کە لەناخەوە بڕوای بەمانەوەو زوندوێتی ئەنفالکراوەکانیان هەبوو، کەئەیوویست فرمێسکی دایکە جەرگ ئەنفالکراوەکان بسڕێتەوە شەهیدبوو، ئێمەش کەسمان نەمانتوانی هەواڵێکی خۆش بەگوێی پاشماوەی ئەنفالەکاندا بدەینو پەیمان بەدەرگای زیندانی ئەنفالەکان نەبردو نەمانتوانی نامەی زندوێتی بدەینەوە دەستی ئازیزانیان.

بەڵام دەکرێت بەوە روحیان ئارام بکەینەوە خۆڵی سەر لاشەو ئێسکو پروسکی غەدر لێکراویان بەهێمنی لابەرینو هەموویان بهێنینەوە لەناو گوڵو گوڵزاردا لەخاکی دایکدا لەدڵی نیشتمان جێیان بکەینەوە کەئیتر نەئەوان گۆڕ غەریب بنو نەخۆشمان چاو لەڕێ... نەئەوان بێنە خەونمان داوامان لێبکەن تەلبەندەکانی توپزاواو دیواری باستیلی نوگرە سەلمان بڕوخێنینو بۆ وەتەن بیانهێنینەوە ئیتر نەدایکەکانیشیان کەڕەشەبا تەقە لەدەرگای ماڵەکەیان هەستێنێ دڵی دادەخورپێو وادەزانێ رێبوارێکەو هەواڵی



ئازیزانی پێیە.. بابچین بیانهێنینەوە لەدڵمان بیانێینە چاڵ، نیگای چاومان بکەین بەکێلی قەبریانو لێی بنوسین، مافی مرۆڤ مافی منداڵ مافی لاوو مافی پەککەوتەو پیرەساڵ.

*کوردستانی نوێ ژمارە (3106) 2003/7/1

## سەرینێکی پڕ
## لەحەتحەتۆکەی منداڵی ئەنفال کراو

لەنێوو ئەو تاکو تەرا ژنە ئەنفال کراوانەی کە لەنێو ئەو دەیان هەزار ژنەدا گەڕانەوە، زۆر بەکەساسییەوە ئەیانگێڕایەوە کەمنداڵەکانیان لەباوەش فڕاندوونو چەندینیان ئێستاش بەئومێدی گەڕانەوەی منداڵە دوو ساڵانەکەیانەوەن، لەڕۆژی 2003/5/29 لەگەڵ ئەو تیمەی کەبەدوای چارەنووسی ئەنفال کراوەکانماندا دەگەڕاین.. چوینە یەکێ لەو جێگایانەی کە لەساڵی 1988 وەك کەمپی دەست بەسەرداگرتنو ئازاردانی ژنو منداڵە ئەنفال کراوەکان بەکارهاتووە کەئەویش (قاعەکانی دووبزە) لەنزیکی قاعەکاندا شۆڕە ژنێکی (دووبز) کەخۆی شایەتحاڵی ئەنفالەو بەچاوی خۆی ئەو کارەساتە جەرگبڕەی دیووە بردمانیە دیار گۆڕی ئەو پەپولانەی کەتەنها جەلادەکانی بەعس دڵیان هاتووە بیانکوژن.. لەوێ شتێکی سەیرو لەهەمان کاتدا پڕ جەوهەرمان

دەستکەوت (سەرینێك بوو پڕ کرابوو لەجلوبەرگی ئەو ساوایانەی کەهیچیان تەمەنیان لە 3 ساڵ زیاتر نەبوو) ئەو سەرینە لەکراسو پەڕۆوپاتاڵی ئەو ساوایانە دروستکرابوو کە لەساڵی 1988دا شەهیدکرابوون.

نازانم دەبێت چی ویژدانێكو چی فەلسەفەو بیروباوەڕێك ئەو سەربازەی پەروەردە کردبێت کەدڵی هاتووە کراسو هێلەکو بلوسو چاکەتی بەر منداڵێکی دوو ساڵانی لەدوای لەبرساو لەتینووا کوشتنی جلە رەنگاوڕەنگو گوڵ گوڵیو چاکەتە بەحەتحەتۆکەو مێخەك رازاوەی منداڵێکی گەرمیان بکات بەسەرین.. دەبێت چ مێشکێکی بۆگەنو چ هۆشێکی درندە جورئەتی ئەوەی کردبێت شەوان سەربکاتە سەر ئەو سەرینەو دەبێت چۆن ویژدانی رێگەی دابێت خەون بچێتە چاوی، دەبێت خەونی بەچییەوە بینیبێت، دەبێت چەند شەو ئەو منداڵە بێنازو گۆڕ غەریبانە روحیانەتیان چووبێتەوە نێو کراسە داگیر کراوەکانیانو چوبێتە خەونی ئەو جەلادەو پێیان وتبێت لەبەرخاتری کەس نا لەبەرخاتری خوا کراسەکەم بدەرەوە دەستی دایکم، چونکە ئەو هەر چاوەڕێیە.. دەبێت ئەو جەلادە بەبیری بەعس سەرخۆشە چەند دڵی بەوە خۆش بووبێت چەند کەیفی بەوە هاتبێت شەرواڵی منداڵێکی 3 ساڵانی کوردی کردبێتە سەرین.. ئەی دەبێت ئەو دایکە گەرمیانییە چەند دڵی بەو منداڵەی خۆش بووبێت کە بەسووفو دەرزیو دوورمان لەکوێرە دێیەکی گەرمیاندا گوڵی لەسەر چاکەتی جگەرگۆشەکەی نەخشاندبوو.

چەند سەرینێکی سەیربوو.. سەیر لەوەی جەلادەکان دوای رفاندنی منداڵەکان لەکۆشی دایکیاندا جلەکانیان لەبەرداکەندوونو کردویانە بەسەرین.. چەند سەرینێکی پڕ جەوهەربوو کە



ئەگەر ئەو جەلادە ئەو کراسو چاکەتەی لەروحی پەپوولە نەخشێنراوانەی نەکردایە بەسەرین، کێ دەیپاراستو لەژێر کام کۆمەڵە خۆڵو گۆڕی بەکۆمەڵدا دادەڕزا، بەڵام ئێستا دەبنە مرواری نێو مۆزەخانەی ئەنفال.. دایکان دێن بۆنی پێوە دەکەن بەتەقەڵی دەرزیو دوورمانەکانیاندا بەبۆنی هەناسەی غەریبیو کەساسی جەرگیاندا منداڵەکانیان دەناسنەوە.

*کوردستانی نوێ ژمارە (3079) 2003/5/31

## دەبێت پاشماوەی ئەنفالەکان قوربانییەکی گەورەتر ببەخشن

کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کەپاشماوەی ئەنفالەکان گەورەترین قوربانی بەخشی ئەم میللەتەی ئێمەن، چونکە لەماوەی ئەم 15 ساڵەدا هەر رۆژێکیان بەقەدەر ئازاری ئازیزمردنێ ئازاریان

چەشتووەو سوێی چاوەڕوانی بەئەندازەیەك ئازاری داون کەجگە لەوان کەسی تر بەرگەی نەگرێت.

لەماوەی 15 ساڵی نێوان ئەنفال تاروخانی دیکتاتۆرەکەی بەغدا، هەمیشە بەهیوای گەڕانەوەی ئەنفال کراوەکانیان بوون.. بەڵام لەنەمانی سەدام– دا لەوەگەیشتن کەئازیزانیان نایەنەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە وەك ئەوەی کەتازە ئەنفال کرابن بەردەوام فرمێسك بەچاوی دایكو منداڵو ژنانی پاشماوەیانەوە دیارەو شەوان بەگریانو بەدیار دیمەنی گۆڕی بەکۆمەڵەوە ڕۆژ دەکەنەوە. ئێستا هەموویان چاوەڕوانن کەتیمەکانی گەڕان بەدوای گۆڕی ئەنفالکراوەکاندا زوو دوا ئێسكو پروسکیان بدۆزێتەوەو هەر خێزانەو لەماڵەکەی خۆیەوە چاوەڕوانە کەحکومەتی هەرێم (روفاتی) ئازیزانیان بۆ بێنێتەوە.. کەئەمە ئەرکی پلە یەكو پیرۆزی سەرشانی حکومەتەکەمانە.

بەڵام دەبێ کەس‌وکاری ئەنفالەکانیش لەوە بگەن کەئەم ڕژێمە زاڵمە بەشێوەیەکی وا پەرتەوازەو شوێن بزری کردون کەهەر لەئێستاوە تا دەیان ساڵی تریش لێرەو لەوێ ئاسەواری گۆڕەکانیان بەدەردەکەوێتو مەسەلەی دۆزینەوەی هەموویان کارێکی هەروا ئاسان نییەو لەهەمووشی کارەساتبارتر ئەوەیە کە لەگۆڕی بەکۆمەڵدا لەچاڵی ناونو ئێسكو پروسکەکان تێکەڵ بەیەکتری بوونو ناسینەوەیان کارێکی مەحاڵە.. بۆیە جێی داخە کەناتوانرێ روفاتی ئەو ئازیزانە بناسرێتەوەو بدرێتەوە بەخاوەنەکانیان، ئەوەی کەئێستا وەك بیرۆکەی پرۆژەیەك کاری لەسەر دەکرێت، دوای قۆناغی دۆزینەوەو دەستنیشان کردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانمان ئەوکات لەلایەن تیمێکی پسپۆڕی تەندروستیو شارەزا هەڵبدرێنەوەو هەموویان لەشوێنە جیاجیاو دوور لەیەکەکانەوە کۆبکرێنەوەو



لەیەك (گۆڕی بەکۆمەڵدا) لەشێوەی مۆزەخانەی ئەنفال بەشێوازێکی پڕشکۆو لەجێگایەکی شایستەدا دابنرێن کەساڵانە تاجە گوڵینە بخرێتە سەر مەزاریان.

ئەوەی کە مەبەستە لێرەدا وەك داوایەك لەکەس‌وکاری پاشماوەی ئەنفالەکان بیخەمەڕوو، ئەوەیە کەڕازی بنو لێمان قبوڵ بکەن کەئەو ئێسكو پروسکانە لەیەك شوێنو جێگای شایستەدا دابنرێنەوە کەئەوەش ئەنفال بۆ هەتا هەتایە بەزیندوێتی دەهێڵێتەوەو کێشەی ڕەوای گەلەکەشمان بەئەندازەیەکی زۆر گەورە بەرەو پێش دەبات.. کەدڵنیام پاشماوەی ئەنفالەکان کە بەدرێژایی ئەم ماوە زۆرەی رابردوو ئازاریان بۆ ئازیزانیان چەشتووە لەحیکمەتی (مۆزەخانەی ئەنفال) دەگەنو لەوە دەبورنو رازی دەبن کەئەو مۆزەخانەیە دروست بکرێتو روفاتی ئازیزانی خۆیانی پێدەبەخشن، کەئەوەش گەورەترین قوربانییە بەگەلەکەیان بەقەزیەی ئەنفالی دەبەخشنو بەوەش دەتوانین داوای دادگایی کردنی ئەنجام دەرانی ئەنفال بکەینو دەسەڵاتی داهاتووی عیراقیش ناچار بکەین چ بەداوای لێبوردن کردنو بەقەرەبوو کردنەوەی پاشماوەکانیشیان.

*کوردستانی نویّ ژمارە (3102) 2003/6/26

## کاتژمێرێکی ئەنفالکراو

بەبەرچاوی خۆمانەوە گەنجەکانیان رووتکردەوە، جلەکانیان لەبەریان داکەند.. تەزبیحو موکێشو شانەو ئاوێنەو سەعاتەکانیان کۆمەڵ کرابوو بەسەر یەکدا.. ئەمە قسەی دەیان لەو شایەتحاڵانەیە کەخۆیان کاروانی ئەو سەفەرە سەختەبوونو بەرێکەوت قەدەر رێگەی دەربازبوونی بۆ دۆزینەوە.. بەڵام ژمارەی ئەو شایەتحاڵانەش زۆرن کەدەگێڕنەوە هەر لەئاواییەکەی خۆمان بارکراینو گەیاندمانیانە تۆپزاوا یەکسەر پیاوەکانیان جیاکردەوەو بردیانن ئیتر کەس بەهەواڵیان نازانێ.. کەس نازانێ لەچ رۆژێکی شومی بەعسدا دەرگای هەناسەیان لێداخستنو چرکەساتەکانی زەمەنی ئەو هەزاران لاوەیان رامکرد.. بەڵام کەی توانیمان دڵی ئەنفالەکان بکەینەوە ئەوە لەیاداشتی نێو دڵی ئەنفالکراوەکاندا هەموو ئەو شتانە تۆمارکراون، کەی دەستمان برد بۆ دەفتەری یاداشتی بەرباخەڵی ئەنفالکراوێکی خوێندەوار ئەوە سەرگوزشتەی نێو زیندانی بۆ نوسیوین.. کەی ئاوێنەی کوڕە شوانێکی ئەنفالکراومان هێنایەوەو دامانە بەرتریفەی مانگەشەو دوا ژوانی عاشقەکەی دەبینین.. کەی یەکێك لەو هەزاران تەزبیحە لەگۆڕی بەکۆمەڵ نێژراوەمان گێڕایەوە بۆ نێو تەکیەو خانەقایەك، ئەوە بە (خەتمە)ی ژماردنی



ریزی ترومبێلە بارکراوەکان لەژنو منداڵدا دەزانین چەند هەزارمان نایەنەوە..

گەر دڵی ئەم کاتژمێرە ئەنفالکراوەیش بکەینەوە پێمان دەڵێ کەی دڵی خاوەنەکەیان لەلێدان خستو منیش بۆ مەرگی مەعشوقەکەم چەند کاتژمێر دوای ئەو خۆم کوشت، ئەم کاتژمێرە ئەنفالکراوە کەبەخوێنو هەناسەی هاوسەفەرەکەی خۆی رووپۆش کردبوو بڕیاریداوە ژەنگ نەگرێ دڵی نەهاتووە مەرگی خاوەنەکەیمان بۆ بنوسێ، چونکە دەزانێ منداڵەکانی هەر چاوەڕوانن بچێتەوە. ئەم کاتژمێرە ئەنفالکراوە دڵی نەهاتووە زەمەنی خۆی بەر لەزەمەنی هاوسەفەرەکەی راگرێ.. ئەم کاتژمێرە نهێنی پارێزە پێمان ناڵێ کەی دڵی هاوڕێکەم لەلێدان کەوت.. تەنها مەرگی خۆی بۆ نووسیوین، نووسیوێتی لێرە زەمەن راگیرا نووسیوێتی دوای ئەوەی لەخاچدانی ئەم دەیان مەسیحو کوشتنی ئەم هەزاران حەلاجو کرم تێدانی نێو هەناوی ئەم هەموو ئەیوبەم بینی.. لەگەڵ الله اکبری بانگی عەسردا لەکاتژمێر 3.18ی رۆژی 3ی فەبرایەر خۆم کوشت تاچیتر مەرگی زیاتری ئازیزانم نەبینم.

تێبینی: ئەم کاتژمێرە لەناو ئێسکو پروسکی لاشەی ئەنفالکراوێکدا لەیەکێ لەگۆڕە بەکۆمەڵەکانی نزیك تۆپزاوادا دۆزراوەتەوە.

*کوردستانی نویّ ژمارە (3086) 2003/5/18

## پێنج دینارم

## بۆ ناگۆڕی منیش باوکم زیندانە

هەست دەکەم چەند ساڵێکە بەشێوەیەك تێکەڵ بەژیانو ئازاری پاشماوەی ئەنفالو ونبووەکانی وڵاتەکەم بووم، کەخەریکە دەبم بە بەشێك لەوانو تامو رەنگو بۆنی ئەوان دەگرم.. پرسیاری ژیانو

گوزەرانو موعاناتی پاشماوەی ئەنفالەکانم لێدەکرێت..! پاشماوەی ئەنفالو ونبووەکان پرسیاری چارەنووسی ئەنفال کراوەکانیانم لێدەکەن.. رۆژانە لەماڵو بازاڕو شوێنی کارو ناو سەیارەو شەوانیش لەخەونمدا یەخەم پێدەگرن زانیاری ترتان لەبارەی ئەنفالەکانەوە دەست نەکەوت..!؟

بەتایبەتیش لەدوای روخانی رژێمەوە کە ئێمەش خۆمان بۆ ئەوە تەرخانکردووە چارەنووسی ئەنفال کراوەکانمان بدۆزینەوەو ئاسەواری ئەنفالەکانمان دەستکەوێتەوە.. ئەو حاڵەتە بەرێژەیەك زیادیکردووەو لەگەڵ هەستکردن بەئازاری هەرەیەکیاندا هێندە ئازار دەچێژم دەترسم بەرگەی ئەو هەموو خەمە نەگرمو بکەومە سەرشەقام.. یەکێك لەو حاڵەتانەی کەچەند رۆژێك لەمەوپێش بینیمو زۆر ئازاری دامو بڕواش ناکەم کە هەرگیز لەبیرم بچێتەوە. ئەوەبوو کە بەرەو گەراج درۆیشتم تابچم بەرەو کەرکوك یەکێك لەو منداڵانەی کە بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکانیان پیشەیان گۆڕینەوەی پارەیە. هەرکەس لەوێوە بڕوات رێی پێدەگرن (پێنج دینارم بۆ ناگۆڕی) تا لەم گۆڕینی وردە بەپێنج دیناربیەدا رۆژانە شتێك دەستکەوتی مادیان دەستکەوێت.. منداڵێك بانگی کردمو بەناو ناوی هێنام کە ئاوڕم دایەوە یەکێك لەو منداڵانەبوو پێی وتم: (5دینارم بۆ ناگۆڕی) دوای ئەوەی هەردووکمان پارەکەمان دا بەیەکتری من رۆیشتم جارێکی تر بانگی کردمەوە، بەڵام ئەمجارە بەدەنگێ کەساسانەتر لەجاری یەکەمو لێمی پرسی ئەو ژێرزەمینەی دۆزیتانەوە لەتەلەفزیۆن نیشانیدا سجنی تیانەبوو)؟.. وەك پرسیارێکی ئاسایی هەرکەسێکی تر بە (نەخێر وەڵامم دایەوە)، بەڵام پاش ئەوەی چەند هەنگاوێك دوورکەوتمەوە ئەوجا شعورم بەوەکرد کە پێویستە منیش لەو منداڵە



بپرسم (بۆچی ئەو پرسیارەی کرد) گەڕامەوە بۆ لای پێم وت بۆچی ئەو پرسیارەت کرد؟ ئەو لەبەرئەوەی منی دەناسی لای وابوو کەمنیش ئەو دەناسمو هەست بەئازارو کێشەکەی دەکەم بەسەر سوڕمانەوە پێمی وت: (ئەی باوکم زیندانی نییە) بۆ کاك (ئیسماعیل) پێی نەووتووی کە باوکم زیندانەو پێنج ساڵە بێ سەرو شوێنە.. ئەو کاك (ئیسماعیل)ەی ئەو باسیکرد یەکێکبوو لەجیرانەکانی ئێمە لەچەمچەماڵو خزمی ئەو کوڕە منداڵە کەرکوکییە بوو.. قسەکانمان لەوێو بەوشێوەیە کۆتایی هات.. کەئێوارە گەڕامەوە ئەم حاڵەتەم بۆ دایکم گێڕایەوە.. دوای چوار رۆژ بەسەر ئەو قسەیەدا ئێوارەیەکی تر کە گەڕامەوە ئەمجارە دایکم پێی وتم ئەو منداڵەی کەباست کرد وتت خزمی ماڵی کاك ئیسماعل–ەو ئەمڕۆ هەواڵیان بۆ هات کە لەبەغدا تەرمی خزمەکەیان دۆزییوەتەوەو سبەینێ بەمەراسیم تەرمەکەی دەگەڕێننەوە.

*کوردستانی نویَ ژماره (3082) 2003/6/3

## گۆڕی بەکۆمەڵی کورد

یەکێك لەو سەروەرییە گەورانەی کە تامردن شانازی پێوەدەکەمو بەسەروەتو سامانی هەموو دونیای ناگۆڕمەوە، ئەوەیە کەئێستاو لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقو لەقۆناغی نوێی دوای رووخانیسەدامدا لەگەڵ چەند خەمخۆرێکی تردا دانراوم بەلیژنەیەك بۆ گەڕان بەدوای گۆڕی بەکۆمەڵداو دۆزینەوەی چارەنووسی ئەنفالەکان.. کەئەمە بەگەورەترین بەرپرسیارێتیو شەرەف دەزانم کەپێم بەخشراوەو هەست دەکەم هێندە خۆشحاڵم لەناخەوە خۆم بۆ ئەو ئەرکە گەورەیە تەرخان کردووەو دڵنیاشم کە کەمتەرخەم نابم.. ئەوەی لەبەدەستخستنی زانیاریو شوێنی کۆمەڵکوژیو دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیشدا بەردەستم کەوتوە کە لەبەر پاراستنیان هێشتا شوێنو قەبارەی هەموویانم ئاشکرا نەکردووە، چونکە دڵنیام ئەوەی من دەیزانم گەر پاشماوەی ئەنفالەکان هەموویان بیزانن خۆیان وتەنی (هەر بەقەپ) زەوییەکە بەدوای چارەنووسیاندا هەڵدەدڕن..!!

بەڵام لەبەرئەوەی کارەکەمان لێ تێك نەچێت واپێویست دەکات جارێ بەهێمنی شوێنو گۆڕەکان دەستنیشان بکەینو دواتر لەمەراسیمی زۆر شایستەدا هەڵیان بدەینەوە.. بەڵام هێشتا روون نییە قۆناغی پاش هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان چۆن دەبێو ئامادەسازیی بۆ نەکراوە.. ئەوەی روونە ئێستا ئەوەیە سەدان گۆڕی بەکۆمەڵی زۆر گەورە هەنو پێویستە لەسەرمان هەڵیان بدەینەوە، بەڵام ئەی پاش هەڵدانەوەیان چی لەو



دەیان هەزار لاشەیە دەکرێت.. ئەمەیان پرسیارێکە وەڵامەکەی ئامادەکاری گەورەی دەوێ.. بۆیە پێشنیاز دەکەم لەجێگەیەکی شایستەدا (مەتحەفیك- مۆزەخانەیەك) شوێنێکی گەورە ئامادەبکرێت کەئیستیعابی ئەو هەموو لاشەیە بکاتو ئێسكو پروسكو جلوبەرگی هەرکامێکیان بپارێزرێتو بۆ هەتاهەتایە وەك پێشانگەیەکی بەردەوام دەرگای کراوە بێت تازیاتر ئەو ئازارو چەوساندنەوەو مەینەتییانەی کە لەسەر دەستی رژێمی بەعس بەسەر کورددا هاتوون بەرچاو بخرێتو تاوانو کۆمەڵکوژییەکانی ئەو رژێمە بۆ دونیاو نەوە لەدوای نەوەی کورد روون بێتەوە.. کەدڵنیام بەوە گەورەترین خزمەت بەئێستاو ئایندەی میللەتەکەمان دەکەینو ئەنفالو کۆمەڵکوژی دەکەین بەکارەساتێك لەهەموو دونیادا بناسرێتو رووی راستەقینەی سەدامو رژێمەکەشی لەمێژوودا بەڕەشی تۆمار دەکەینو دەبێتە لەکەیەك پڕ لەشەرمەزاریو رووڕەشیو دەبێتە پەند بۆ سیستەمو رژێمەکانی داهاتوو کەکەس جورئەت نەکات کارەساتی تری لەو جۆرە دووبارە بکاتەوە.

*کوردستانی نویَ ژماره (3048) 2003/4/24

## ببوورە مەزهەری خالقی
## ئێمە عاقیبەت خێربووین

گەورەم خالقی.. بەرلەهەموو شتێك دەخوازم بمبووری لەوەی کەتۆ هاتبوویتە شارەکەی من (چەمچەماڵ)و من لەحزورتدا نەبووم.. ئەوی رۆژێ لەکوێرەدێیەکی گەرمیاندا منیش لەخزمەتی شایەتحاڵێکی ئەنفالدا بووم.. بۆیە دڵنیام دەمبەخشی..

هاتبووی لەشارەکەی مندا سەری قەلا سەرکەشەکەی سپی حەسارت بڵندتر کردبوو، چووبوویتە هۆڵی شەهید باقی‌و لەحزوری شێخ رەزاو مەلای جەباریداو لەنزیکترین دەروازەی جەستەی کەرکوکەوە گوێت لەقەتارو ئەلاوەیسی‌و ئای ئای‌و عودەکەی عەلی مەردان گرتبوو.. بەشداری دەیەمین فیستیڤاڵی هونەری کەرکوکت کردبوو.. بوو بوویتە گەورەترین میوانی فیستیڤاڵ‌و بەچاوێکی پڕ لەفرمێسکی خۆشییەوە چوو بوویتە سەر تەختەی شانۆو وتارێکت بۆ مێژوو پێشکەش کردبوو..

وتبووت بەر لەهەرشت دڵشادم کە لەڕێگەوە هاتم هاوسەفەرەکەم (مەلا بەختیار) بەرزاییەکانی بانی مەقانی نیشاندام‌و سەرنجمی بۆ رەبییەکان‌و لوولەی تۆپەکانی سوپای داگیرکەر راکێشاو کەهاتم ئەم توانا‌و بەهرەو هونەرەم بینی، تووشی سەرسوڕمان بووم، قەد چاوەڕێم نەدەکردو بڕوام نەدەهێنا لەشارێکی ئاواو لەنزیك سوپای ترس‌و پەلاماردەرەوە.. خەڵك ئاوا ئازاد بژی‌و ئاوا گەشە بکات‌و ئاوا بەهرەو توانا هونەرییەکانی برەو پێبدات.. دواتر لەوە سەرسام ببووی کەئەوە دەیەمین فیستیڤاڵی کەرکوکەو وتبووت دیارە لەگەڵ یەکەم هەناسەی ئازادیدا ئەم کاروانەتان خستۆتە رێ‌و بەوە دڵشادبووبووی‌و پاش ئەوەی گوێت لەسۆزو ناڵەی دەف‌و عودەکەی عەلی مەردان ببوو.. ئەمجارە لەنێو ئاپۆڕەی چەپڵەڕێزانی بینەران‌و فرمێسکی خۆتدا روونتر وتبووت: ئەمڕۆژە بۆ خۆم بەڕۆژێکی مێژوویی دەزانم‌و لەم ئاخیری عومرەمدا (عاقیبەت خێربووم کەگوێم لەدەنگ‌و ئاوازی ئێوە بوو کەبەهرەو توانای ئێوەم بینی)..

ببوورە خالقی مەزن.. ئێمە عاقیبەت خێر دەبین کە لەم سەرەتای تەمەنەوە زاتێکی وەك جەنابتان



دەبنە گوێگری دەنگ‌و چریکەی ئاوازمان.. ئێوە دەبنە بینەری تابلۆکانمان.. ئێوە گوێ لەسروودو شانۆکانمان دەگرن..

ئێمە عاقیبەت خێربووین کەدەبینین ئای ئای‌و قەتارو ئەلاوەیسی گەرمیانییەکان، بەستەو مەقامی چەمچەماڵییەك فرمێسکی خۆشی دەبەخشێتە چاوەکانی گەورەیەکی وەك خالقی..

گەورەت کردین خالقی.. تاجی شەرەفمەندیت بەخشییە ڤیستیڤاڵی کەرکوك‌و میدالی نەمریت کردە گەردنی هونەری هونەرمەندانی ئەم دەڤەرە.. رۆحیانەتی شەهیدانت شاد کردین‌و گوڕو تەوژم‌و تین‌و تاوت بەخشییە زیندووەکانمان.. بەخێرهاتی‌و بەخێر رۆیشتی.. لەدوای خۆت گوڵاو و عەترت جێهێشت.

*کوردستانی نوێ ژمارە (2906) 2002/11/4

## کەرکوکو مۆزەخانەی ئەنفال

پاش رووخانی رژێمی بەعس بەماوەیەکی کەم بەرێژەیەك نهێنیو تاوانە شاراوەکانی بەرچاوکەوتن کەمرۆڤ لەئاستی ئەو تاوانکارییانەدا تووشی هەڵوەستەو سەرسورمان دەبێ لەوەی کەئەنجامدەرانی ئەو تاوانانەش مرۆڤ بنو گومان دەکەیت کەمرۆڤ هێندە درندە بێت، بەڵام دەگەیتە ئەو دەرئەنجامانەی کەسەرانی بەعسو سەدامی سەرکردەیان لەمێژووی کۆنو نوێی مرۆڤایەتیدا بێوێنەنو ئەوی لەسەردەمی ئەماندا کراوە لەسەر دەستی هیچ پاشاو دیکتاتۆرێکی تردا رووی نەداوە.. کورد واتەنی (جارێ لەکوێمانە) دوورنییە تا دەیان ساڵی تریش رۆژانە نهێنیو تاوانی تریش ئاشکرا بێت کەئەم رژێمە رووخاوە لە 35 ساڵی حوکمیدا ئەنجامیداوە.

یەکێك لەو کارەساتو تاوانە دژ بەمرۆڤایەتییانەش کەرژێمی بەعس لەساڵی 1988دا دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامیداوە مرۆڤگەلێکی بێشوماری بێسەروشوێن کرد کە بەپێی تەقدیرێکی سەرەتاییانەی کورد ژمارەی ئەو قوربانیانەی بە 182 هەزار مرۆڤ دانا.. بەڵام هەر ئەوکاتەو دواتریش خەڵکانێك هەبوون کەئەو ژمارەیەیان بەکەم دەزانیو بڕوایان وابوو کەنزیکەی چارەکە ملیۆنێك مرۆڤ لەکردەی ئەنفالدا تیاچووە.

ئێستا پاش رووخانی رژێمو ئاشکرابوونی ئەو دەیان گۆڕە بەکۆمەڵەی کە تائێستا دۆزراونەتەوە بەڵگە لەسەر گۆڕی تریش زۆرە ئاماژەیەکی روونە بۆئەوەی کەژمارەی قوربانیانییەکانی ئەنفال کە تائێستا لەچەند گۆڕێکی کەمو بەحساب بچووکدا



نزیکەی (50) هەزارمرۆڤی کوردی بێ سەروشوێن کراو دۆزراونەتەوەو چەند شایەتحاڵێکی عەرەبیش هەن کەزانیاریان لەسەر چەندین گۆڕی بەکۆمەڵی تر هەیە لەناوچەکانی خوارووی عیراق کە بەقسەی ئەوان چەندجار بەقەدەر ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانەی تر خەڵکیان لێکراوە بەژێر خۆڵەوە.. جگەلەوانەش ناوچە سنوریەکانی سعودیەو کوێتو دەشتە لماوییەکانی شارەکانی خوارووی عیراق زۆریان کرابوون بەچاڵی لەگۆڕنانی ئەنفالکراوەکانمان کەهێشتا هەڵنەدراونەتەوە. تەنها لەنزیك شاری کەرکوکداو ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی کە تائێستا زانیاریان لەبارەوە بەدەستخراوە ژمارەی قوربانییەکانیان نزیك بە 15 هەزار کەس دەبێتو بەردەوامیش گۆڕی بەکۆمەڵی زیاتر بەرچاو دەکەون، کەئەم حاڵەتەی کەرکوك سەرنجی راکێشام بۆئەوەی کەبیر لەوە بکەینەوە هەر لەکەرکوك کەزۆرترین قوربانییەکانی ئەنفال لەناوچەکانی کەرکوکدا بوون هەر لەشاری کەرکوکدا (مۆزەخانەیەك بۆ ئەنفال) بکەینەوەو هەر لەئێستاوە دەست بەبیناکردنی بکەین تا هەرکات بڕیار لەسەر گواستنەوەی لاشەو ئێسكو پروسکەکان درا شوێنەکەی بۆ ئامادەکرابێتو هەموو ئێسكو پروسكو جلوبەرگو ئەو کەلوپەلانەی دەدۆزرێنەوە لەگەڵ لاشەکانیاندا لەم (مۆزەخانەیەدا) بپارێزێتو ساڵانە لەساڵڕۆژی ئەنفالدا وەك شینی حوسێن لەکەرکوك کۆبینەوە بۆ (شینی ئەنفال)و هەر ئەو مۆزەخانەیەش بکەین بەنەسبی شەهیدو هەر وەفدێکیش هاتە وڵاتمان تاجە گوڵینە لەسەر (مەرقەدی ئەو دەیان هەزار مرۆڤە دابنێ کەتاکە رووداوو گەورەترین رووداوی لەو جۆرە لەمێژوودا کە لەسەر دەستی نیزامێکی فاشیو دیکتاتۆر دەرهەق بەگەلەکەی خۆی

ئەنجامدراوە.،) بەوەش دەتوانین وابکەین کەهیچ سیستمو دەسەڵاتێکی تر جورئەت نەکات لەمێژوودا رووداوی وا دووبارە بکاتەوەو بەوەش دەتوانین وابکەین کەهیچ سیاسەتو دەسەڵاتێك نەتوانێ جارێکی تر کەرکوك بەو دەردە بەرێتەوەو کەرکوك بۆ هەتاهەتایە دەکەینەوە بەماڵی ئەنفالکراوەکانو نەوەکانیان.

*کوردستانی نوێ ژمارە (3069) 2003/5/19

## خۆماڵیکردنی ئاو

ئاوی (خاسە) کەسەرچاوەکەی لەنزیك گوندی برایم ئاغای ناوچەی شوانە، بەدووری سێ کیلۆمەتر لەچەمچەماڵەوە دورە، لەکانییەکو پاشان بەچەمەکانی دەوروبەری لەچەندین کانیو جۆگەی ئاوی سروشتی پێکدێتو بەچەمێکی قوڵدا نزیکەی (50کم) بەناوچەی شواندا تێدەپەڕێت کەسنووری 18 گوندی دەکەوێتە سەر، تا دەگاتە ناو کەرکوكو بەناو شاردا تێدەپەڕێتو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەو ئاودێری ناوچەیەکی فراوانی کشتوکاڵییە لەناوچەی شوانو ناو کەرکوكو خوارووی کەرکوکدا.

لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراقداو تا ماوەیەکی زۆر دواتریش کەئەوکات پرۆژەی بەنداوی دوکان نەکرابوو، ئاوی خاسە سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوی ناوچەکەو کەرکوك بووە.. دەسەڵاتدارێتی ئەوکات رێگەیان داوە بەهەندێ دەستڕۆو دەستو پێوەندەکانی دەسەڵات کەپرۆژەی ئاودێری بکەن



لەناو کەرکوکو خوارووی کەرکوکو رێگەی پێداون سوود لەئاوی خاسە وەربگرن، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا هەستاوە بەوەی کەئاوی خاسەی قەدەغە کردووە لەو گوندانەی کە لەناوچەی شواندا کەوتوونەتە سەری، کە ئەوکات، جگە لەپرۆژەی ئاوی خواردنەوەو کشتوکاڵ بۆ ئاسیاو بەکاریانهێناوەو چەندین ئاسیاوی لەسەر دروستکراوە، وەك (ئاسیاوی سەیدان، ئاسیاوە قوتە، ئاسیاوی گورگەییو گۆرانو.. هتد). ئەوکات خەڵکی گوندەکانی ناوچەی شوان لەزەوییەکانی خۆیاندا سوودیان لەئاوی خاسە بینیوەو کشتوکاڵیان لەبەرکردووە، بەڵام دەسەڵاتی ئەوکات هەستاوە بەقەدەغە کردنی ئەم ئاوە لەگوندنشینەکانو لەڕاستی هەردێیەکدا کەئاوەکەی پێدا دەڕوات دوو (پۆلیس)ی کردووە بەئێشکگر، تا رێگەنەدەن گوندنشینەکان هەڵیبەستنو ئاودێری لەبەر بکەن.

چەندین جار خەڵکیان دەستگیر کردووەو غەرامەیان کردوون، تا وای لێهاتووە توانیویانە زاڵبن بەسەر تەواوی جوتیارەکانی ناوچەکەدا نەك بۆ زەرعات کردن، بۆ ئاوی خواردنەوەش هەڕەشەیان لەخەڵك کردووە، ناچار خەڵکەکە بیریان هەڵکەندووە، ئەمە حاڵەتێکە هەمیشە پیاوە بەتەمەنەکانی شوان دەیگێڕنەوە، تا پیاوێك لەگوندی 0سەیدان) بەناوی (کوێخا شەریفی سەیدان) هەڵدەکەوێتو سەرەتا دێ بەدێ دەگەڕێتو هانی خەڵکی دەدات کەئەوە ئاوی خۆمانەو دەبێ خۆمان سوودی لێ وەربگرین، هانی جوتیارەکان دەدات کەزەرعاتی لەسەر بکەنو خەڵکەکەش بەقسەی دەکەن تا دەگاتە ئەوەی کەچەندین جار هێزی زۆریان هێناوەتە سەر ناوچەکەو زەرەرو زیانیان بەخەڵك گەیاندووە، بەڵام

کوێخا شەریفی سەیدان هەر کۆڵی نەداوەو ئەمجارە یاخیبووە لەدەسەڵاتی ئەوکاتەو داوای لەگوندەکانی تر کردووە کەهاوکاریو پشتگیری بکەنو ئاوەکەی هەڵبەستووەو کەمینی بۆ پۆلیس ناوەتەوە کاتێ هاتوون بۆ گیانی جوتیارەکان تەقەی لێکردوونو لێی بەدیل گرتوون، تا وای لێهاتووە زۆر لەجوتیارانی ناوچەکە شوێنی کەوتوونو خەباتیان لەپێناو خۆماڵیکردنی ئاوی خاسەدا کردووەو سەرەنجام توانیویانە ئاوەکە وەربگرنەوەو لەوکاتەوە تائێستا زۆربەی جوتیارانی ناوچەکە سوودی لێدەبیننو نەك هەر زەرعات، بەڵکو کردوویانە بەچەمو دارستانو ئێستا ساڵانە داهاتێکی زۆر دەست دانیشتوانی ناوچەکە دەکەوێت.

ئەگەرچی لەئەنفالەوە تائێستا زۆر لەگوندەکانی ناوچەی شوان نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیانو زەویو زارە کشتوکاڵییەکانیان، بەڵام ئەو دێیانەی کە ئاوەدانو ئەوانیتریش هەمیشە چاویان لەجوانی ئاوی خاسەیەو دڵنیان لەوەی وەك چۆن ئاوی سازگاری خاسە لەسەر دەستی کوێخا شەریفی سەیدان لەسەردەمانی رابردوودا گەڕاوەتەوە بۆ خاوەنەکەی، ئاوەهاش ئەوانو هەموو خاوەن ماڵێك دەبێتەوە بەخاوەنی هەقی خۆی.

*کوردستانی نوێ ژمارە (2885) 2002/10/10

## ئەلجزیرە، کەی دان بەناوی کوردستانی عیراقدا دەنێیت..!؟



بەهۆی ئەو هەلو مەرجە نێودەوڵەتیو ئیقلیمیو ناوخۆییەی کە بەهەموویان بارودۆخێکیان دروستکردووە بۆ ئێمەی کورد، بۆ ئەمڕۆ ژیرانەترین داخوازیمان پێکەوە ژیانە لەگەڵ برا عەرەبو تورکمانەکانو ئاشووریو کلدانییەکان لەچوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵدا.

ئەمڕۆ دروشمی راگەیاندراومانو ئامانجی سەرەکیو روونمان ئەو پێکەوە ژیانەیە.. بەڵام بەو پێیەی کەدوانزە ساڵە خۆمان حوکمڕانی خۆمان دەکەینو نموونەیەکی جوانمان لەخۆ بەڕێوەبردنو ئەزموونێکی دیموکراسیانە بەرهەم هێناوەو زۆرجار بووینەتە مایەی رامانو جێی سەرسوڕمانی دۆستانمان کەسەردانی وڵاتەکەمان دەکەن.. گەرچی بەنیازی جیابوونەوەنینو هەموومان خۆمان بەعیراقی دەزانین.. بەڵام هەندێکجار ناوهێنانمان وەك بەشێك لەعیراق بەتایبەت عیراقێك کەدەسەڵاتەکەی ئێستای بەچەکی کیمیاییو ئەنفالکردن مامەڵەی لەگەڵ کردووین.. بۆیە نیگەران دەبینو گەر هەست بکەین ئەو ناوهێنانەو پێکەوە لکاندنەمان بە (ئەنقەست). وەك ئەوەی زۆرجار کەناڵی (ئەلجەزیرە) ناوی کوردستان دەهێنێ دەڵێ (شمال العراق) کەدڵنیام ئەوە تەنها وەك (ئیستیفزاز) کردن ئەو وشەیە بەکار دەهێنێ

دواجار لەکۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی-دا کە لەهاوینەهەواری پیرمام بەڕێوە چوو لەکوردستان.. لەیەکێك لەبەرنامەکانی کەناڵی (ئەلجەزیرە)دا کەڕاستەوخۆ لەگەڵ پەیامنێرەکەیاندا قسەی دەکردو لەیەکێك لەچاوپێکەوتنەکانیاندا لەگەڵ بەڕێز (غەسان عگیە)دا کاتێ بێژەرەکە رایگەیاند کەئێستا (غەسان عگیە)مان لە (شمال العراق)ەوە لەگەڵیدایە.. (غەسان عگیە)ش بەوشێوە ناوهێنانەی کوردستان نیگەران بوو.. بەشێوەیەکی جوان وەڵامی کەناڵی جەزیرەی دایەوەو وتی (ئەلجەزیرە) ئێرە کوردستانی عیراقە.. (مصیف صلاح الدین)ە، نەك (شمال العراق).

ئەمە بۆچوونی کوردو زۆربەی تێکۆشەرانو رووناکبیرانی عێراقە، کەچی خزمانی کەناڵی جەزیرە بەو شێوەیە قسە دەکەن کەدڵنیام لەداهاتوودا کورد واتەنی تەنها پەشیمانیان بۆ دەمێنێتەوە.

*کوردستانی نوێ ژمارە (3008) 2003/3/10

## ماڵێك بۆ جوانییەکانی چەمچەماڵ

چەمچەماڵ، دەکرێت بڵێین پڕ کێشەترین قەزای ئەم کوردستانە بووە، هەردوای راپەڕین تا دە ساڵێکیش کێشەی بێ ئاوی چەمچەماڵ بوو بووە کێشەی سەرەکی ناوچەکەو ئەویش لەبەرئەوە بوو کەسەرچاوەی ئاوی شارەکە چەند بیرێکی ئیرتیوازی بوو کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی سوپای عێراقەوەو ئاوی خواردنەوەی لەشارەکە بڕیبوو.. لەو ماوە دوورو درێژەدا لەبیرمە لەدەیان دیدارو کۆبوونەوەی جیاجیادا ئێمە بەردەوام شەڕمان بۆ ئاو کردووە.، تا سەرەنجام بەشێکی بەهۆی تێپەڕینی ئەو وشکەساڵییەوەو بەشێکیشی بەهۆی پرۆژەکانی شارەوانییەوە چارەسەرکرا، تائێستا وەك چەمچەماڵ دەتوانم بڵێم لانی کەم لە 75٪ کێشەی بێ ئاوی چارەسەر کراوە.. بۆیە دوای ئەوەی ئاومان بوو ئەوجا هەقی خۆمانە بیر لەخۆ



جوانکردنمان بکەینەوە.. سەرباری ئەوەی لەو بێ ئاوییەشدا هەمیشە هەوڵێك هەبووە بۆ برەودان بەجوانییەکانی چەمچەماڵو گەشەپێدانیو کەم تا زۆرێك بەشێك لەو جوانیانەش زووتر خراونەتەڕوو..

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کەبڕیارمان ئەوە بوو چۆن شەڕمان بۆ ئاو کرد، ئێستاش قۆڵی لێهەڵماڵینو شەڕ لەپێناوی دروستکردنی ماڵێك بکەین بۆ جوانییەکانی شارەکەمان.. بۆ نمایشی کارە هونەریو ئەدەبیو پرۆژە رووناکبیرییەکانمان کەدەنگوڕەنگو توانای شاراوەی وامان هەن، تەنها لەدیدارێکی سەرپێیانەدا مامۆستای گەورەی وەك مەزهەری خالقی کە بە بەهرەکانیان شادبوو خۆی بەعاقیبەت خێر زانی بەو عومرەوە لەماڵی هونەری چەمچەماڵ بەدڵ گەنج بووەوە..

توانای باشو بەهرەی باشو سەلیقەی زۆر باشمان هەن، بەڵام شوێنێکی باشمان نەبوو تا ئەم بەهرانە تیایدا گەشە بکەنو ئەم تواناییانە تیایدا برەو بەکارەکانیان بدەن.. بۆیە بڕیاری شەڕکردنمان شەڕێکی هەمەلایەنە بوو، یەکەم هەنگاویش رووبەڕووی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووینەوە.. ئەویش بەهەستکردن بەپەرۆشی ئێمە شەرەفێکی گەورەی پێ بەخشینو زۆر لەوە زیاتر کەئێمە داوامان کردو لەوەش زۆرتر کەئێمە چاوەڕوانمان دەکرد.. بڕیاریدا (مەڵبەندی رۆشنبیری چەمچەماڵ) بکاتە ئەو ماڵە هەمیشەییەی کەئێمە خەونمان پێوە دەبینیو بڕی یەك ملیۆن دیناری تەرخانکرد بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی (مەڵبەندەکە)و کەمتر لەهەفتەیەك دوای بڕیارەکە، لیژنەی تایبەتو پسپۆڕی بۆ دەستنیشانکردو بەشێوەی (تنفيذ مباشر) دەست بەبنیاتنانەوەی ئەو ماڵە کراو ئێمەش وەك

چەمچەماڵو چەمچەماڵییەکان سوپاسی ئەو هەنگاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەینو خۆزگەش دەخوازین کەهەموو هەوڵەکانمان لەپێناوی جوانکردندا بێو هەموو رووبەڕوو بوونەوەیەکیش بنیاتنانەوەی لەدوابێ.. وەك ئەو بنیاتنانەوەیەی کەسەرۆکی حکومەت جوهدی کرد بۆ ئاواکردنی هۆڵێك بۆ شانۆو هۆڵێ بۆ شێوەکارو هۆڵێ مۆسیقاو هۆڵی کتێبخانەی منداڵانو کافتریایەك بۆ رۆشنبیرانو کەهەمووشیان پێکەوە ماڵێك بن بۆ جوانییەکانی چەمچەماڵ..

*کوردستانی نوێ ژمارە (2939) 2002/12/16

## لەبارەی نوگرە سەلمانەوە

ئەنفال گەرچی ناوی سورەتێکە لەقورئانی پیرۆزو بەر لەهەزارو چوارسەد ساڵ ناوی هاتۆتە ناوانەوە، بەڵام جگە لەمامۆستایانی ئاینیو قورئان خوێنەکانو ئەوانەی خەریکی دیراساتی ئیسلامی



بوون کەسمان ئاشنایەتیمان نەبووە بەوشەی ئەنفال.

بەڵام لەساڵی (1988)ەوە کەئەنجامدەرانی پرۆسەی کورد قڕان ناوی کردەوە سەربازییەکەیان نا (ئەنفال)، ئیتر ئەنفال بوو بەوشەیەك کەڕۆژانە لەسەر زارمانەو رۆژانە برینی ساڕێژنەبووی هەزاران کەسمان دەکولێنێتەوە، هەر بەبۆنەی ئەنفالەوە ناوێکی تریش خۆی کردە نێو دەقە ئەدەبییەکانمانو لەدەیان قەسیدەی شیعریداو لەدەیان چیرۆكو بەرهەمی هونەریدا شوێنی خۆی کردەوەو بووە وشەی سەر زارانو وەك کەمپی چەوساندنەوەو ئازاردانی ئەو پیرەمێردو پیرەژنانەی کە لەئەنفالدا دەستگیر کرابوون خۆی ناساند، ئەویش بەهۆی گێڕانەوەی بەردەوامی ئەنفالدیدەکانەوە کەچۆن ئەیاندوێنێ باسی (سەگە رەشو نوگرەسەلمان) دەکەنو هەست دەکەین لەگەڵ هەر ناوهێنانێکیشدا موچڕکێك سەراپای لەشیان دادەگرێتو رۆژانی سەختی زیندانیان بیردەخاتەوە.

ئەوەی جێی سەرنجەو دەمەوێ لێرەدا قسەی لەسەر بکەم بەهەڵە بەکارهێنانی ناوەکەیە لەلایەن هەموویانەوە، بگرە لەلایەن شارەزایانو ئەو ناوەندانەیش کەکاریان لەسەر ئەنفال کردووە. هەر بۆ نموونە (میدڵ ئیست وۆچ) کەگەورەترین ناوەندو رێکخراوی جیهانییە کەلێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنفال کردووەو ئەویش هەر بۆ کەمپی دەستبەسەرداگرتنی گیراوەکان لەخوارووی عێراق (نوگرە سەلمان)ی بەکارهێناوە.. خۆشمان لەهەموو گوتارو خوێندنەوەیەکماندا بۆ ئەنفال باسی (نوگرەسەلمان) دەکەینو بەندەش ئەو هەڵەیەی بەسەردا تێپەڕیوەو لەبەرگی یەکەمی

کتێبەکەمدا (شایەتحاڵەکانی ئەنفال) زۆر لەسەر (نوگرەسەلمان) قسەم کردووە.

بەڵام ئێستا لەکاتێکدا خەریکی بەرگی دووەمی ئەم کتێبەم هەندێ وردەکارانەتر ئەنفال دیدەکانم دواندووەو زۆر هەڵوێستەم لەسەر شێوازی زیندانەکانو شوێنو جۆری زیندانەکان کردووە. لێرەدا بۆم دەرکەوتووە هیچ شوێنێك نەبووە بەناوی (نوگرەسەلمان) بەڵکو (سەلمان) یەکەیەکی ئیداری سەر بەپارێزگای (المپنی)یەو پێوەری جوگرافی سەلمان (6928کم$^2$)و لەناو شارەکەدا قەڵایەکی گەورە هەیە کەشوێنی زیندانیکردنی گیراوەکانی سەردەمی ئەنفال بووە، بەڵام هیچ کەس بەرنەدراوە کە لەناو ئەو قەڵایەی سەلمان زیندانی بووبێت، لەدەوروبەری (سەلمان)دا چەند قەڵایەکی گەورەی سەربازی هەبووە کەهەریەکەیان بەجۆرێك لەجۆرەکان لەوی تریان جیاواز بووە، بەتایبەتی جیاواز لەشوێنی دروستکردنی قەڵاکەدا چونکە قەڵاکان شێوەیان وەك یەك بووەو هەموویان بەشێوەی (خڕ) دروستکراونو دووقات بوون لەسەر یەکتری.. (نوگرە) یەکێك بووە لەو قەڵایانەی نزیکی سەلمان (8500) کەسی تێدا زیندانی بووە.

قەڵای تریش هەبووە لەدەوری (سەلمان)و هەریەکەیان ناوێکی جیاوازی هەبووە کە تائێستا ئەوەی من بەدەستمهێنابێ زانیارییە لەسەر ناوی دوو قەڵایان بەناوی (نوگرە، وەیل)و قەڵایەکی تریش کە لەسەر تەپۆڵکێکی بەرز دروستکراوەو قەڵایەکی تریش ئەوەیان دوو حەوشەی هەبووەو جیاواز بووە لەهەریەك لەو سێ قەڵایەی ترو قەڵاکەی ناو سەلمانیش بە (قلعە سلمان) ناسراوە.

هیوادارم ئەوانەی نەخشەی وردی جوگرافیو سەربازی عیراقیان لایە، ئەو وردەکاریانە زیاتر



بخەنەپێش چاو بۆئەوەی لەتۆمارکردنی ئەنفالدا بۆ مێژوو هەڵەی لەوجۆرە بەسەرماندا تێنەپەڕێت.

*کوردستانی نوێ ژمارە (2804) 2002/7/10

## گەڕانەوە بۆ کەرکوک

(بن گۆریۆن) یەکەم سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ئەڵێ (راستییەك کەجولەکەکان بەیەکەوە گرێ دەدات، دین نییە.. چونکە بزوتنەوەی زایۆنیزم لەدین دارو بێ دین پێکهاتوە.. نەژادیش نیە، چونکە دوای ئەو هەموو لێك پچڕانە نەژادیان لەگەڵ نەژادەکانی تردا تێکەڵ بووە.. زمانیش نیە، چونکە زمانی عیبری بەهۆی ئەو چەند سەدەیەی کە لەکەناری لەناو چووندا بووە، بەشێکی زۆری جولەکەکانی دونیا نەزمان دەزانن نەقسەشی پێ دەکەن.. بەڵکو بەشی سەرەکی پەیوەست بوونیان، باوەڕ بوونیانە بەگەڕانەوە بۆ ئیسرائیل).

گەر ئەم وتەیەی بن گۆریۆن بکەین بەپێوەر بۆ پێکەوە گرێ دانەوەی هەموو ئەو گەلو نەتەوانەی دەکەونە بەر شالاوی راگواستنو سیاسەتی پاکتاوکردن.. بۆ گرێ دانەوەو گەڕانەوەیان بەزێدی باپیرانیانەوە.. ئەوە دڵنیاین لەوەی کەدەرکراوەکانی کەرکوک ئەوانەی بۆ سەدەیەك ئەچێت لەسیاسەتێکی رەگەزپەرستانەی شۆڤێنیە عەرەبەکاندا لەسەرماڵو حاڵی خۆیان دەردەکرێنو عەرەب لەشوێنیان نیشتەجێ دەکرێن، دەگەڕێنەوە بۆ زێدی باو باپیرانو شوێنی ژیانی خۆیان کە هەر لەکۆنەوە لەسەر دەستی باپیرە گەورەکانی ئەمان شارەکەو لەنێو خاکی کوردستاندا دروستکراوە.

بەوپێیەی دەرکراوەکانی کەرکوک گەرچی لەشارەکەی خۆیان هەڵکەندراون‌و راگوێزراون، بەڵام هەر لەنێو نیشتمانەکەی خۆیاندا گیرساونەتەوەو لەئامێزی گەل‌و نەتەوەکەی خۆیان دان.

نەئاینیان گۆڕانی بەسەرداهاتووەو نەنەژادیان تێکەڵ بەنەژادەکانی تر بووەو نەزمانیان بیرچۆتەوەو بڕوای پتەویشیان بەگەڕانەوەیان هەیەو هەمیشە بەئاواتی گەڕانەوەن‌و خەونی پێوەدەبینن‌و منالآنیان بەوشێوە گۆش دەکەن کەدەبێ بگەڕێنەوە بۆ کەرکوک.. بۆیە دڵنیاین رۆژێك دێت هەر دەگەڕینەوە.. هەقە دەسەڵاتدارانی عیراقیش ئەوانەی بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتیان لەعیراقدا پیادەی سیاسەتێکی رەگەز پەرستانەیان کردوەو هەمیشە لەهەوڵی پاکتاوکردنی نەتەوەی کوردا بون‌و کەرکوکیان کردبوو بەسەرەتایی بەرنامەکەیان‌و بەدەیان هەزار خێزانی کوردیان لەکەرکوکدا راگواستووەو عەرەبیان لەجێیاندا نیشتەجێ کردووە هەر لەناوچەی کەرکوکدا، زیاتر لەسەد هەزار کەسیان لەکردەی بەدناوی ئەنفالدا بێ سەروشوێن کردو سەرجەم گوندو شارۆچکەکانیان روخاندو برینی نێوان کوردو عەرەبیان گەورە کردەوە.. هەق وایە ئەوانیش چاوێك بەسیاسەتی خۆیاندا بگێڕنەوەو ئەم وتەیەی (بنگۆڕیۆن) یان لەبەرچاو بێت.. لەکاتێکدا جولەکەکان بەشێکی هەرەزۆریان لەناو گەل‌و نەتەوەکانی تردا بزربوووبوون‌و زمانەکەی خۆیان بیرچۆبۆوە.. بەڵام لەسۆنگەی بڕوا بوونیان بەگەڕانەوە بۆ ئیسرائیل وای کرد کەدەرفەتیان لەبەردەم رەخسا لەهەموو شوێنێکی دونیاوە بەکۆمەڵ دەگەڕانەوە بۆ فەلەستین‌و دەوڵەتی ئیسرائیلیان دروست کرد..

ئەی کاتێ کوردە دەرکراوەکانی کەرکوك، کەمترە لە 50 کیلۆمەتر لەکەرکوکەوە دوورن.. گەرچی هەر لەنیشتمانی خۆشیان دان.. بەڵام بەردەوام خۆیان بەوەزانیوە کەمیوانی کاتین‌و رۆژێك دێت هەر دەگەڕێنەوەو تەنانەت ئامادەی قوربانی بەخشینیشن لەو پێناوەدا.



بێگومان لەڕەخساندنی بچووکترین دەرفەتدا، دەگەڕێنەوە زێدی باپیرانیان‌و سیاسەت‌و خەونی داگیرکاریانەی شۆڤێنییە عەرەبی‌یەکان لەڕەگەوە هەڵدەکێشن.. بۆیە مەنتق وایە کەسەرانی هەموو دەسەڵاتێك پەند لەمێژوو رابردوو وەردەگرن.. زۆر دوورنییەو دەساڵێك بەر لەئێستابوو کەزەمینەیەکی لەبار بۆ خەڵکی عیراق رەخسا. ئەوە بوو راپەڕینیان بەرپاکردو کوردستان بەکەرکوکیشەوە زگارکراو زۆربەی هەرە زۆری راگوێزراوەکانی پێش ئەو مێژووە لەو ماوە کورتەی ئازاد بوونی کەرکوکدا گەڕانەوە شارەکەی خۆیان، دەبوو سەرانی حوکمڕانی عیراق ئەوەیان لەبەرچاو بوایا چیتر ماڵی کوردو عەرەبیان وێران نەکردبا، چونکە چەند گرانەو رەنگدانەوەی لەسەر ناخی ئەو ئینسانە کوردە چەندە کە لەشارەکەی خۆی رادەگوێزرێت. بۆ عەرەبەکان دووجار دەبێتە بارگرانی. جارێکیان کە دەهێنرێت‌و لەسەر ماڵ‌و حاڵی کوردێك نیشتەجێ دەکرێن.. جارێکیش کەدەرفەت دەرەخسێت دەرکراوەکانی کەرکوك دەگەڕێنەوە سەرماڵی خۆیان. ئەمجارە عەرەبەکە سەرگەردان دەبێت‌و دەبێ ئەویش کۆچی پێچەوانە بکاتەوە.. ژیری لەوەدابوو کەسەرانی عیراق دەستیان لەو سیاسەتەیان هەڵگرت‌و بواریان بۆ برایەتی کوردو عەرەب پێکەوە ژیان بڕەخساندا! بەڵام وەك چۆن لەهیچ رویەکەوە دەرس‌و پەندی لەڕۆژگارو مێژوو وەرنەگرتووە. ئێستاش لەدرێژەی شاڵاوی راگواستنی کوردی کەرکوك‌و ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتیداو، لەچوارچێوەی بەرنامە شۆڤێنییەکانیدا ئەیەوێ ژمارەیەکی ئاوارەی عەرەبی فەلەستینی بهێنێت‌و لەکەرکوك‌و لەسەر ماڵ‌وحاڵی کورد جێنشینی بکات.. کەبەم کارەش گەورەترین دوژمنایەتی بەکوردو خودی ئاوارە فەلەستینییەکانیش دەکات، چونکە تاسەر مێژوو بەیەك ئاراستە ناڕوات‌و ناگونجێ لەهەزارەی سێیەمداو سەردەمی تەکنەلۆژیای زانست‌و پێکەوە گرێدانی دنیادا دیکتاتۆریەت درێژە بکێشێ.!!

دەبێ کوردیش لەئاستی ئەو هەوڵە بێ دەنگ نەبێو هەرچی توانای هەیە کۆبکرێتەوە لەدژی ئەم شاڵاوەو وابکرێت ناوەندەکانی رای گشتی دونیاو سۆزو رای گشتی لەدژی دروست بکرێت.. بۆئەوەی لەهەر گۆڕانێکی ئایندەی عیراقو گەڕانەوەی دەرکراوەکانی کەرکوکدا. ئاوارەکانی فەلەستین نەبنە لەمپەر لەبەردەم ئەو گەڕانەوەیەو ببنە مایەی کێشەی نێوان کوردو عەرەب.

*ئەم بابەتە لەژمارە (215) رۆژی 2000/6/19 لە رۆژنامەی
هەرێمی کوردستاندا بەهەڵە بەناوێکی ترەوە بڵاوکرایەوەو لەژمارە (216) راستکراوەتەوە

## دونیا دەوران دەورانە

لەرۆژانی رابردوودا کاتێ لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینیم کەگەورە سیاسەتمەداری کوردو تەمەندرێژترین خەباتگێڕی عیراق (مام جەلال) پۆستی سەرۆکی مەجلیسی حوکمی عیراقی وەرگرت. بێ ئەوەی هیچ خۆم لەگەڵ زاکیرەمدا ماندو بکەم، قسەیەکی (صدام حسێن)م کەوتەوە بیر کە لەوپەڕی بوغراییو مەست بوونی بەسەرکەوتنی بەعس بەسەر شۆڕشی ئەیلوولداو لەوپەڕی بێنازیو بێئومێدی کوردا کەجاڕی شۆڕشی نوێخوازی گەلەکەمان لێدراو مەشخەڵی شۆڕش لەسەر بەرزترین لووتکە چیای ئەم نیشتمانە بەرزکرایەوە کەجگە لەشۆڕشگێڕانو



هەڵگیرسێنەرانی شۆڕش کەم کەس بڕوای بەوە هەبوو شۆڕش لەکوردستاندا سەرهەڵبداتەوە.. ئەوکات (سەدامی کاڵفامیش) کەوەك زەنگێك بەگوێیدا درا (جەلال تاڵەبانی شۆڕشی بەرپاکردووەو داوای کردووە پێشمەرگە بداتەوە شاخ)دا.

صدام هاتە سەر شاشەی تەلەفزیۆنو وتی: ئەگەر دارخورما لەسەر سەری جەلال تاڵەبانی سەوزبێ، پێشمەرگە لەچیاکانی کوردستان دروست نابێتەوە.

رۆژان هاتو رۆژان چوو نەك دارخورما لەسەر سەری (مام) سەوز نەبوو. نەك هەر چیاکان بەتەنها بوونە مەنزڵی پێشمەرگە، ئەوا بەخەباتو تێکۆشانی ئەم میللەتەو هێزی پێشمەرگەو ژیریو هۆشیاری ئەو مام جەلال–ە, نەك هەر کوردستان ئازادەو کەرکوك لەژێر بەیداخی کوردستاندایەو ئاڵای کوردستان لەسەر حەمرین دەشەکێتەوە. وا مام جەلال حوکمی عیراق دەکاتو وا بەغدا پێشمەرگەی گرت وا دارخورماکانی بەغدا بۆلە پێشمەرگەیان لەخۆگرتووە.

لێرەوە مرۆڤ دەبێ حیکمەت وەرگرێ کەئەوانەی لەسەر هەق خەباتێکی راستو رەوایان دەستپێکرد بەسەخترینو دژوارترین رۆژگارو قۆناغدا سەرکەوتن، چونکە خەباتەکە، ئامانجەکە، بیروباوەڕەکە.. بیروباوەڕو خەباتو ئامانجێکی رەوابوو بۆیە لەو رۆژەوە کەجگە لەمام جەلالو چەند کەسێکی کەم نەبێ بڕوایان بەسەرکەوتنی شۆڕشەکەیان نەبوو سەرەنجام سەرکەوتنو ئەوەی ئەمڕۆ بەری ئەو خەباتەیەو ئەوانەشی کە لەبوغرایيو ئاسمانەوە بەچاویلکەی تاریك لەواقیعیان دەڕوانیو تووشی نەخۆشی خۆو نەتەوە بەزلزانین بوو بوونو مافی

خەڵکی تریان پێشێل دەکردو بڕوایان بەخەباتو تێکۆشانی تێکۆشەران نەبوو، ئاوا بەدەردی ئەو دەردەی ئێستای (صدام) چوون.

لەم تێڕوانینە سەرەتاییەوە بڕوانن ڕۆژانێ بوو سەدام بانگی کوردی دەکرد بێن تەسلیم ببنەوەو مافی تەسلیم بوونەوەشی بەمام جەلال نەئەدا لەلێبوردنە ساختەکانی‌دا.. ئەوا ئێستا مام جەلال لەبەغدا حوکمی عێراق دەکاتو مژدەی ئەوەشیدا بەعێراقییەکان کە لەئایندەی نزیکدا (صدام) دەستگیر دەکرێتو بەعێراقی وت یەکە بەیەکەی ئەو تاوانبارە گەورانە لەبەردەم گەلانی عێراقدا دادگایی دەکرێن..

چی ڕۆژێکی گەورەیە بۆ کورد ڕۆژانێ بوو لەبەغداوە پیلانیان لەدژی کورد دەگێڕاو بڕیاری ئەنفالو کیمیایی بارانکردنی کوردستانیان ئەدا.. ئەوا ئێستا کورد حوکمی بەغدا دەکات، سەرکردەیەکی کورد لەبەغداوە بەعێراقییەکان دەڵێ: دڵنیابن ئەوانەی تاوانباری جەنگ بونو بڕیاریان لەسەر مەرگی کوڕەکانتان ئەدا بە بەرچاوی خۆتانەوە لەناو عێراقدا دادگاییان دەکەین..! ئەوەیە حوکمی مێژوو ئەوەیە حیکمەتی شۆڕشی ڕەواو عادیلانە.

## بەپێی نەخشەی بنەڕەتی شارەکە



## زۆربەی گەڕەکە عەرەبنشینەکانی کەرکوک تەجاوزن

ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕو هەڵوەشاوە، هەر لەسەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە تا ڕوخانی بەدەروونێکی زۆر شۆڤێنیانە کاری بۆ بەعەرەبکردنی ناوچەیەکی فراوانو پڕ لەسامانی کوردستانو گۆڕینی ناسنامەی خاکو نەتەوەیی کورد کردووەو زۆر ڕێگای جۆراوجۆری لەپێناو بەدیهاتنی ئەو خواستە گەندەڵەدا گرتۆتەبەر.

یەکێك لەو ڕێگایانە بەکارهێنانی خەڵك بووە وەك ئامرازی داگیرکاری، لەناوەڕاستو خوارووی عێراقەوە عەرەبی گواستۆتەوە بۆ ناو شارو گوندەکانی ئەو سنورەدابووە پێش چاو، ئابەم کارەی مافی خاوەنداریێتی لەکورد وەربگرێتەوەو عەرەبی هاوردە بکاتە خاوەنی، کەپێیوابووە بەوشێوەیە دەتوانێت مەرامەکانی بەدیبهێنێت لەسڕینەوەی سیمای کوردستانیبوونی ئەو ناوچانەداو بەتایبەتیش لەشاری کەرکوکدا ئەم سیاسەتەی پەیڕەو کردووە.

بەڕێژەیەکی هێندە خەتەرناك کاری لەسەرکردووە کەگوێی نەداوەتە نەخشەی بنەڕەتی شارەکەو تەنها بۆ جێکردنەوەی ئەو عەرەبە هاوردانە بەدەر لەوەی زەویو موڵکو ماڵی هاووڵاتییانو جوتیارانی کوردی داگیرکردووەو پێیبەخشیون.

لەنیشتەجێکردنیان لەشوقەو گەڕەکەکاندا ڕەچاوی نەخشەی بنەڕەتی شار جێگایەك بۆ شوێنی یاریگا دەستنیشانکراوە ئەم ڕژێمە زەوی شوێنی ئەم یاریگای داوە بەعەرەبە هاوردەکانیو پارەوپولو کەلوپەلی بینای داونەتێو لەپڕ لەماوەی چەند مانگێکدا ئەو شوێنەکراوە بەگەڕەکێکو

ناوێکی (صدامیانە)یان بۆ داناوە، ئەم حاڵەتە بەئەندازەیەکە ئەوەندە زۆر تەشەنەی کردووە کەئێستا ئەوەی دەیبینی لەشاری کەرکوکدا زۆر جیاوازە لەنەخشەی بنەڕەتی شارەکەو هەمووی شێواندووە بەقازانجی بیری گەندەڵی سەرکردەکانیان.

شوێنی باخچەو پارکو مەلەوانگەو سینەماو یانەی گەنجەکانو چەندین جێگای دامەزراوەی مەدەنیو خزمەتگوزاری هەن کەئێستاش لەنەخشەی شاردا شوێنی بۆ دیاریکراوە، کەچی لەشوێنی پارك ئێستا گەڕەکێکی پڕ لە (دە هەزاری) دەبینیو لەهەریەك لەو شوێنانەدا شتێك قوتکراوەتەوە کەتەنها خزمەتی بەسیاسەتی بەعس کردبێت، کە بەپێی هەموو یاسایەك ئەو گەڕەكو خانووانە هەموویان تەجاوزن لەڕووی یاساییەوە ئەمە سەرباری ئەوەی بەری خوێنو رەنجی شانی گەلانی عیراقیش وەك بەخشش دراوە بەتەجاوزکارەکان.

ئەوەی کەجێی هەڵوەستەکردنەو هانیدام کەئەم کورتە نووسینە دەربڕم ئەوەیە کەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقو گەڕانەوەی بەشێکی کەم لەکوردە دەرکراوەکان بۆ کەرکوك کەنەكماڵیان نەماوە، بەڵکو شوێنی خانووەکانیشیانکراوە بەسەربازگەو یاریگاو شەقامی دووسایدو فڕۆکەخانە.. تاد کە بەناچاری پەنایان بردۆتە بەرئەوەی لەسەر ئەو زەوییەی کەباووباپیرانی خۆیان کێڵاویانەو موڵکیانە بووەو بەکەرتە بلۆكو قوڕ یەك دوو ژووریان دروستکردووەو بەکولەمەرگی ژیانی تیا دەگوزەرێنن، کەچی ئەم حاڵەتە بووەتە بنێشتە خۆشەی سەرزاری عەرەبە هاوردەکانو لەهەموو کۆڕو کۆبوونەوەو دیدارێکدا باسی تەجاوزی ئەم چەند ماڵە دەکەن کە لەناو سەربازگەی خالیدو باروتخانەدا لەکەلاوەدا دەژینو داوای لادانی ئەم



تەجاوزاتە دەکەن. حەقە ئیتر کورد شەرم نەکاتو بەپێی یاساو دابونەریتەکانی خۆمان مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، کەمن هیچ کات لایەنگری تەجاوز نییم، بەڵام هەقە لەمەودوا باسی یەك ماڵی لەو جۆرەی کوردیان کرد ئێمەش گەڕەکێکی تەجاوزی عەرەبنشینیان بەنمونە بۆ بهێنینەوەو کار بۆ لادانی هەردوو تەجاوزەکە بکەین تا کەرکوك بگەڕێتەوە سەردۆخی واقیعی خۆی.

*ئەم بابەتە لەژمارە (3283) رۆژی 2004/1/30 لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.

## ئەو شەهیدەی لەهەورامانەوە گەڕایەوە بۆ کەرکوك

هاوڕێو برا شەهیدەکەم (تارق گۆگجەیی).. ویستم بۆ ئەم کۆچە ناوەختو پەلەیەت شتێ بنوسم کەدەشمزانی ناگاتە باڵاتو لەبەردەم گەورەیی هەڵوێستو بەژنو باڵا لوتکەییەکەتدا بەچۆکدا دێت..

دەشمزانی ناتوانم بەوشە سیمای جوانیو لەخۆبوردوویيو پاکیو خەباتەکەت بنەخشێنم.. دەمزانی هەرچی مرواری وشە هەیە بیکەمە گەردانەی گەردنت ناکاتە بار تەقای دلۆپە خوێنێکتو برینێکی لەشی ئەنجن ئەنجن بووت کوێر ناکاتەوە.. هەموو ئەوانەو زۆرشتی تریشم دەزانی.. دەشترسام ئەم نوسینەم وەك ناگاتە گەورەییت بچووکت بکاتەوە.. بەڵام بمبەخشە هاوڕێ گیان منی لاواز منی بێ ورە نەمتوانی خۆڕاگربمو بۆت نەگریمو ئێستاش کەئەم چەند وشەیەم دەنووسم ناتوانم بەر لەفرمێسکەکانم بگرم

نەکەونە سەر رووپەڕی کاغەزەکەم.. پێشمەرگە بەهەڵوێستو شەهیدەکەم تۆیەك بیستو یەك ساڵت لەسیو هەشت ساڵەی تەمەنت بەخشیبووە نیشتمانو بیستو یەك ساڵ بۆ کورد ژیایت، بیستو یەك ساڵ رووبەڕووی مەرگ بوویتەوەو ململانێی دوژمنانی ئەم خاکەت کرد.. تۆیەك ئێستاش تا ئەو دەمەی شەهید بووی هەر هەمان ئەو پێشمەرگەیە بووی کە لەڕۆژە سەختەکاندا بەگیانی پێشمەرگانەوەو بەڕۆحی خۆنەویستییەوە ژیای.. تۆ کەبۆ مەرگێکی بەپێوەیی چەکت کردبووە شانو هەمیشە دەتووت خودایە لەسەنگەردات شەهید بمو لەناو جێگەی گەرما نەمرم.. تۆ ئێستا لەپیرۆزترین سەنگەردا شەهیدبوویو خوێنت بووە شاباشی مژدەی نەمانی تیرۆر خوێنت بووە خەنەی دەستو پێی دایکی شەهیدە سەربڕاوەکانی (خێڵی حەمە).. بەئاواتی خۆت گەیشتیتو لەسەنگەردا شەهیدبووی گەرچی هەموو بستە خاکێکی ئەم نیشتمانەت بەموڵکی خۆت دەزانی، بەڵام ئاواتێکی تریشت هەبوو هەمیشە دەتوت خودایە گەر بەکارەساتی ئوتۆمبێلیش دەمکوژی با لەسنوری جوگرافیای کەرکوکدا هەڵدێرێم.. ئەوەندە هەستت بەچەوساندنەوەی کەرکوکو کەرکوکیەکان کردبوو دەتوت خودایە لەکەرکوك شەهید بم.. ئەو وشانەت لەمێشکمدا دەزرنگێتەوە پێتدەوتم (قوربانی) تەسجیلێك ببەستنە کۆڵمەوە کاسێتێکی فەرهاد سەنگاوی بخەنە سەر تا کەرکوك راناوەستم.

ئێستا لەسەروبەندی گەڕانەوە بۆ کەرکوكو بەدیهاتنی خەونو ئومێدی هەزارانی وەك تۆدا.. لەسەروبەندی شادبوونەوەمان بەهەواری باووباپیرانمانو چوونەوە زیارەتی مەرقەدەکەی



شێخ محی الدینو چوونە سەرگۆڕی باپیرانمان تۆ شەهیدبووی.. تۆ نایەیت بۆ ئەم سەفەرە.

تۆ نایەیت بۆ سەرقەڵا.. تۆ خۆت لێمان جیاکردەوەو هاوڕێیەتی ئێمە ناکەیت. تۆ کەوتیتە پێش ئێمەو وەك هەڵۆ دات لەشەقەی باڵو لەلوتکە شاخەکانی هەورامانەوە لەسەر لوتکەی (شرام)ەوە ئێمەت جێهێشت بەرەو کەرکوك گەڕایتەوە تۆ هاوڕێیەتی ئێمە ناکەیت هەقی خۆشتە هاوڕێ پەلەو سەرشێتەکەم، چونکە تۆ گەورەیت.. ئێمەی بچووك نە بەشوێن پێو هەنگاوەکانت رادەکەینو نەدەشتوانین هەڵوێستی وەك تۆ تۆمار بکەین بۆیە هەقی خۆتەو گەردنت ئازادبێت کەئیتر هاوڕێیەتی ئێمە ناکەیت.

*لەژمارە (3031) رۆژی 2003/4/5 لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.